ئاستی بایەخپێدانی ڕۆشنبیران بەرۆژنامەی چاپكراو

ئاشتی حمەصالح حسین حەسەن رۆزە حمەوەیس حمەمیرزا جوان جلال الدین محی الدین
زانكۆی سلێمانی- كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی ڕاگەیاندن

پوختە

لەم توێژینەوەیەدا تیمی توێژەرانی توێژینەوەكە هەوڵیان داوە تیشك بخەنە سەر ئاستی بایەخی ڕۆژنامەی چاپكراو لەدیدی ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانیەوە، شایانی باسە هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم توێژەش بۆ ئەوە بوو كە ئەم توێژە بەشێوەیەكی بەرچاو بەئاگان لەبواری ڕۆشنبیری وبەرۆریش بەشداری كاری میدیایی و گەیاندن دەكەن، هاوكات پرسی پاشەكشەكردنی ڕۆژنامەی چاپكراویش زۆر گەرمە وهیچ لایەكیش ئۆباڵی ئەم پاشەكشەكردنە لەئەستۆ ناگرێت، لەبەر ئەوە توێژەران ئەم ناونیشانەیان بەباش زانی بۆ كۆكردنەوەی داتا و زانیاری سەبارەت بە ئەم بابەتە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئامانجێكیان دەستنیشان كرد كە پێدەچێت وەڵامی چەند پرسیارێك لە زەینی خوێنەرانی میدیای چاپكراودا بداتەوە لەوانە: یەكەمیان : زانینی ڕادەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی چاپكراو، دووەم: زانینی جیاوازی لەبایەخپێدانی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەكە) بۆ هەریەك لە ڕۆژنامەی (حزبی،ئەهلی) ، سێیەم: دیاریكردنی جۆری ئەو بابەتانەی كە جێگەی گرنگیپێدانی توێژی ڕۆشنبیرانە لەهەریەك لە ڕۆژنامەی (حزبی، ئەهلی). زانینی داهاتووی ڕۆژنامەی چاپكراو لەدیدی توێژی ڕۆشنبیرەوە. پێدەچێت گرنگی ئەم ئامانجانە پاڵنەرێك بوبێت بۆ ئەوەی بابەت و ناونیشانی توێژینەوەكە جێگای پەسەند كردن بێت. توێژینەوەكە لە سێ بەشی پێك دێت، بەشی یەكەم: بەشی میتۆدی توێژینەوەكەیە باسێكە دەربارەی گرگی و بایەخی میدیای چاپكراو، هاوكات خستنەڕووی كێشەی توێژینەوەكە و ئامانج و میتۆدی توێژینەوكە، بەشی دووەمیش، لە سێ باس پێك هاتووە، یەكەم تەرخان كراوە بۆ باسێك سەبارەت بە مێژوو و بایەخی میدیای چاپكراوەكان لەكەلتووری گەلاندا، لە باسی دووەمدا باسێك خراوەتە ڕوو لەبارەی میدیای چاپكراو وەك دەسەڵاتی چوارەم، لە باسی سێیەمدا باسی تەحەددیی و ململانێكانی نێوان میدیای چاپكراو و میدیای ئەلەكترۆنی كراوە، لەبەشی سێیەمیشدا: تیمی توێژینەوەكەهەستاون بە شیكردنەوەی داتاكان بەپێی ئەو وەڵامانەی لە فۆرمی ڕاپرسیەكەوە وەرگیرابوونەوە، لەوەشەوە بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتن لەوانە: ڕۆژنامەوانی چاپكراو هەتا ئیستاش لە ململانێ ئەلەكترۆنییدایە و پیگەی خۆی لەدەست نەداوە لەڕووی متمانە و ناوەرۆكەوە، ولە روئیای ئەوانەوە چاپكراوەكان زیاتر كاریگەرن هەتا ئەلەكترۆنییەكان هاوكات پێیان وابوو خوێنەری چاپكراوە ئەهلییەكان لە ڕۆشنبیران بابەتە ڕۆشنبیرییەكان دەخوێننەوە بەڵام خوێنەری چاپكراوە حزبییەكان بابەتی سیاسی دەخوێننەوە، هەروەها چەندین جیاوازی هەیە لەنێوان بایەخپێدانی توێژی ڕۆشنبیران لە خوێنەرانی چاپكراوە حزبی و ئەهلییەكاندا لەهەمانكاتدا لەنێوان نووسەرانیشیاندا جیاوازی بەدی دەكرێت.

پێشەکی

لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە پرسی کەمبوونەوەی خوێنەری ڕۆژنامەی چاپکراو، لەلایەن بیرمەند و توێژەرانی بوارەکەوە بووەتە پرسێکی گرنگ و زۆر بەخێرایی خرایە بواری توێژینەوەی زانستییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەدان توێژینەوە و دەیان کتێب بەزمانە جیاوازەکان سەبارەت بە ئەو پرسە ئامادەکران، بەڵام دواتر ئەم پرسە لەپاش دەرکەوتنی ئینتەرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و پەیدا بوونی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی، بووە هۆی زیاتر لاوازبوونی بازاری ڕۆژنامەی چاپکراو و دروستبوونی ململانێ لەگەڵ ڕکابەرەکەی، هەندێك پێیان وایە ڕۆژنامە چاپکراو و ئەلەکترۆنی لە پێشبڕکیدان، و هەندێکیش پێیانوایە لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت کە شێوەنێك بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو هاتبێت.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانیش خۆیان بۆ ئەم گۆرانە کتوپڕە ئامادەنەکردووە، ئەمەش بە ڕوانینێکی خێرا لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەلەکترۆنییەکان بەبەراورد لەگەڵ چاپکراوەکان جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، چ لەڕووی تەکنیکی نووسین و چ لەڕووی ئاراستەکردنی پەیام، تا ئیستاش شێوازی تەقلیدی بەڕوخسارو ناورۆکی پەیام و بابەتە ئەلکترۆنییەکانەوە دیارە، جگە لەمانەش بگرە بەهاتنی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی ئاستی نووسینی ئەکادیمی و پیشەیی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەرەو لاوازیی ڕۆیشتووە، لەگەڵ ئەمەشدا خوێنەری ئەلەکترۆنی ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشاندایە، فرۆش وتیراژ وبڵاوکردنەوە وخوێنەری ڕۆژنامە چاپکراو لەداکشاندایە، بۆ زانین و ئاگاداربوون لەم بارودۆخە نوێیەی ڕۆژنامەگەری کوردی، توێژەران پێیان باش بوو کە بیرو ڕای ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی بزانن سەبارەت بەم پرسە گرنگە.

بەشی یەکەم: میتۆدنامە

یەکەم/ ناونیشانی توێژینەوەکە:

لەگەڵ لەوەی ئەم ناونیشانە (ئاستی بایەخ پێدانی ڕۆشنبیران بەڕۆژنامەی چاپکراو)، ناونیشانێکی نوێیە لەهەمانکاتدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لەڕووی کاری ڕۆژنامەوانیەوە، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکی زانستی، و لەهەمان کاتیشدا دواندنی توێژی ڕۆشنبیران بۆ دەست کەوتنی زانیاری سەبارەت بەوەی کە: ئایا ئاستی بایەخی ڕۆژنامەوانی چاپکراو لەلای ئەم توێژە چۆنە و چەندە و تاچەند ئاگاداری ڕەوتی کاری ڕۆژنامەوانی چاکراون ورێگاچارە چییە بۆ ئەو تەحەددییانەی کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە لەکاری ڕۆژنامەوانی دەبێتەوە.

دووهەم/ بایەخ و سودی توێژینەوەکە:

ئاشکرایە کە ڕۆژنامەی چاپکراو گرنگیەکی دیارو بەرچاوی هەیە لەبەرئەوەی یەکێکە لەئامرازە میدیاییە کاریگەرەکان وهاوکات یەکێکیشە لەو ئامرازانەی کە هەرگیز گرنگیەکەی لە دەست نادات بەتایبەت لای توێژی ڕۆشنبیران، لەبەر

چەندین هۆكار لەوانە: زیاتر لە هزری خوێنەر دەمێنێتەوە، چونكە رۆژنامەی چاپكراو وەك ئامرازێكی رۆشنبیری كۆمەڵگاكان بەها و گرنگی خۆی هەیە و سیمایەكی رۆشنبیری جوان بە كۆمەڵگا دەبەخشێت و ئامرازێكی وابەستەیە و خاوەنی هەیە لە ڕووی بەرپرسیاریەتیشەوە زیاتر خزمەت بە پرس و دیاردەكانی كۆمەڵگە دەدات و دەبێتە جێگای متمانەی وەرگرەكانی. هەروەها بایەخی رۆژنامەی چاپكراو لە بواری تەندروستیدا شایانی ئاماژە پێكردنە بەجیاوازی لەگەڵ رۆژنامەی ئەلەكترۆنییدا، گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەدەر دەكەوێت كە: تا چ ڕادەیەك چاپكراوەكان جێگای گرنگی پێدان و بایەخی رۆشنبیرانی شاری سلێمانین، بۆ ئەم پرسە توێژەران هەوڵدەدەن بەچەند ئامانجێك بگەن.

بایەخی ئەم توێژینەوەی بەردەستمان لەوەدا دەردەكەوێت كە قووڵبوونەوە لە گرفتەكانی بەردەم چاپكراوەكان جۆرێكە لەهەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەربەستانەی كە دێنە ڕێگای و دانانی ڕێگاچارەی گونجاو، هاوكات بەئاگا هێنانەوەی دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەكان بە هەر كەم و كورتی و كەمتەرخەمییەك كە بەدیبكرێت لەم میانیەدا .

سێیەم / كێشەی توێژینەوەكە :

كێشەی ئەم توێژینەوە بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە میدیای چاپكراو پێیدا تێپەڕ دەبێت، لێرەشدا پرسیار ئەوەیەكە:

1- تا چ ڕادەیەك توێژی رۆشنبیران بایەخ بە گۆڤار و رۆژنامە چاپكراوەكان دەدەن و تاچەند بایەخ بە (خوێندنەوە)ی، هەریەك لە رۆژنامە (حزبی،ئەهلی)ەكان دەدەن.
2- ئایا رۆشنبیرانی شاری سلێمانی بایەخ بەكام جۆر لەنووسین دەدەن، رۆژنامە ئەهلی یان حزبی؟
3- كام لە بابەتە حزبی و ئەهلییەكان جێیی بایەخی توێژی رۆشنبیرانی شاری سلێمانییە؟
4- ئایا رۆژنامە چاپكراوەكان لە ئاست ئەو ململانێ و تەحەددیانەدایە كە ڕووبەڕووی رۆژنامەی چاپكراو دەبێتەوە؟
5- رۆشنبیرانی شاری سلێمانی ئایندەی رۆژنامەی چاپكراو چۆن دەبینن؟

چوارەم/ ئامانجی توێژینەوەكە :

زانینی ڕادەی بایەخپێدانی خوێنەرانی رۆژنامەی چاپكراو، لە لای توێژی رۆشنبیرانی شاری سلێمانی، لەڕێی:

1- زانینی ڕێژەی بایەخپێدانی رۆشنبیرانی شاری سلێمانی بۆ (خوێندنەوە) ی، هەریەك لە رۆژنامە (حزبی،ئەهلی)ەكان.
2- زانینی ڕێژەی بایەخپێدانی رۆشنبیرانی شاری سلێمانی بۆ (نووسین) لە هەریەك لە رۆژنامە (حزبی،ئەهلی)ەكان.
3- زانینی جۆری ئەو بابەتانەی كە جێی بایەخی رۆشنبیرانی شاری سلێمانین، لەهەریەك لە رۆژنامە ئەهلی و حزبییەكاندا .
4- خستنەڕووی ئەو ململانێ و تەحەددیانەی كە ڕووبەڕووی رۆژنامەی چاپكراو دەبێتەوەن

5- زانینی ئایندەی رۆژنامەی چاپكراو لەدیدی توێژی رۆشنبیرانی شاری سلێمانییەوە.

پێنجەم/ میتۆدی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی راپرسی (دراسة استطلاعية) بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە، لەڕێگەی بەكارهێنانی ڕفۆرمی ڕاپرسیەوە، توێژەران هەستاون بە دانانی چەند پرسیارێكی كراوە و داخراو تایبەت بە پرسی بایەخ پێدانی رۆشنبیران بە رۆژنامەی چاپكراو ، پاشان هەستاو بە شیكردنەوەی ئەو داتایانەی كە لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەدا بەدەست هاتوون.

شەشەم/ ئامراز وشێوازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكە:

1- بەكارهێنانی فۆرمێكی ڕاپرسی كە لەچەندین پرسیار ی كراوە وداخراو پێك هاتووە، هاوكات ئاراستەی توێژی رۆشنبیران كراوە.

2- بەكارهێنانی كتێب و توێژینەوە زانستییەكان وەك سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و زانست و بنەما سەرەكییەكانی رۆژنامەوانی چاپكراو .

3- بەكارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و سایتە ئەلەكترۆنییەكان بۆ ئاگاداربوونی لە نوێگەرییەكانی بوارەكە.

4- تێبینی تیمی توێژینەوەكە.

حەوتەم/ سنوری توێژینەوەكە:

- لەڕووی كاتەوە بریتیە لە: وەرگرتنەوەی ئەو وەلامانەی لەبەرواری (2015/12/10 – 2016/4/22) لە توێژی رۆشنبیران وەرگیراوە كەلەچوار چێوەی فۆرمێكی ڕاپرسیدا ئاراستەی سامپڵی توێژینەوەكە كراوە .
- سنووری مرۆیی: توێژی رۆشنبیران.
- سنووری شوێن: شاری سلێمانی.
- سنووری بابەت: بایەخ پێدانی رۆژنامەی چاپكراو لەلای توێژی رۆشنبیران

هەشتەم: هۆكاری هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەكە:

هۆكاری وەرگرتنی ئەم توێژەش وەك سامپڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە :

یەكەم : كە ئەم توێژە توێژێكی كاریگەر و رۆشنبیرن، دووەم: ئاگاداری بارودۆخی كاری رۆژنامەوانین، سێیەم، وەك ئەوەی كە ئاگاداری ڕەوتی رۆژنامەوانین هۆكاری كێشەكان وئەگەری چارەسەر كردنیشی لەلای ئەوان زیاتر ڕوونە. توێژی رۆشنبیران لەهەموو توێژێكی تر زیاتر بەدەم گرفت و چارەسەر كردنی سەرجەم كایەكانی ژیان و گوزەرانی خەڵكدا لەبەر ئەوە دەكرێت بۆ ئەم بابەتە كە پسپۆڕی خۆیانە زیاتر بتوانن لیدوان بدەن لەسەر هەرپێشهاتەیەك كەرووبەرووی كاری رۆژنامەوانی چاپكراو دەبێتەوە، هەروەها رۆژنامە بۆ دەستەبژێرە وخوێنەری دیاریكراوی خۆی هەیە.

نۆیەم/ کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیی بوون لە توێژی ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی کە بەشێوەی خەملاندن[1] ڕۆشنبیران لە هەموو سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی شاری سلێمانی کە بریتیبوون لە (75) ڕۆشنبیر : (مامۆستای زانکۆ، هونەرمەندان، نووسەران، کارمەندی دەزگاکان، ...هتد) هەریەك لەو توێژانە 10 فۆرمیان بەشێوەیەکی هەرەمەکی ڕێکخراو بەسەردا دابەشکرا لە: 2015/12/10-2016/4/22:

دەیەم/ ڕاستی وجێگیریی توێژینەوەکە :

ڕاستی : بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات.[2] هاوکات ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕاستی ڕواڵەتی بەستووە لەڕێگەی پیشاندانی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە ژمارەیەك پسپۆڕی زانستی ڕاگەیاندن* ڕێژەی هاوڕابوونی پسپۆڕەکان بەرێژەی (96.3٪) بوو.

جێگیری:چەمکی جێگیری بەو واتایە دێت کە ئامرازەکە هەمیشەبتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێبکرێتەوە[3]..توێژەران لەکاتی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەکەدا ژمارەیان لەسەر(9) فۆرم دانا، دوای مانگێك دووبارە فۆرمی ڕاپرسیەکەیان بەسەر ئەو(9)کەسەدا دووبارە دابەشکردەوە، پاشان بۆ دڵنیا بوون لە جێگیری فۆرمەکە توێژەران هاوکێشەی (بیرسون)[4]نیان بەکارهێنا:[5]

---

[1] پشت بەستن بە بیرو ڕای ماموستایانی لەبەشی ڕاگەیاندن، لەلایەن تیمی توێژینەوەکەوە.

2 سابیر بۆکانی،میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، 2016، ل174.

* پ.ی.د. فوئاد عەلی، ڕاگەیاندن– زانکۆی سلێمانی، د.ئبتسام ئیسماعیل –ڕاگەیاندن – زانکۆی سلێمانی، پ.ی.د. نەزاکەت حمەسعید، ڕاگەیاندن– زانکۆی سلێمانی،

[3] د.سابیر بۆکانی، هەمان سەرچاوە، ل177.

4 د. احسان محمد الحسن ، عبدالحسين زيني ، الاحصاء الاجتماعي ، جامعة بغداد ، دار الكتب ، 1981 ، ص 241.

[5] ن کۆ (اب) – کۆ (ا) کۆ (ب)

ر = ----------

﴿ ن کۆا 2 – (کۆ ا) 2 ﴾ ﴿ ن کۆب 2 – (کۆب) 2 ﴾

بە جۆرێك (ر) = یاسای پەیوەندی پێرسۆن.

ن = ژمارەو چەندبارەکان .

ك = کۆ.

أ = تاقیکردنەوەی یەکەم.

ب = تاقیکردنەوەی دووەم.

یانزەیەم/ چەمك و پێناسەكان:

1- **رۆژنامەی چاپكراو:** لەفەرهەنگی"المحيط"ی، (فەیروز بادی) دا هاتووە: مەبەست لە (صحيفة) كتێبە، كۆكراوەكەشی بریيە لە (صحائف)[6]، هەوەها لە (المعجم الوسيط) یشدا بەواتای چەند لاپەڕیەك هاتووە كە ڕۆژانە یان یان لەكاتی دیاری كراودا دەردەچێت، و پێی دەوترێت (JOURNALISM) كە لە ووشەی (JOURNAL)ەوە وەرگیراوە ووشەی (JOUR)، بەواتای (ڕۆژ) دێت بەزمانی فەرەنسی، پاشان هەریەك لەدوو دەستەواژەی (JOURNALISM، JOURNALIST) لێ جیاكرایەوە [7].

2- **ڕۆشنبیر:** ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگی ووشەدا بەدوو واتا دێت: یەكەمیان (الحسي) ودووەمیشیان (ذهني – تجريدي)یە، یەكەمیان بۆ دوو جۆر واتا بەكار هاتووە: شتە (جامدەكان) وەك شمشێر و تیرو كەوان[8]، بۆنمونە عەرەب وتویانە: (ثقف الرمح) تیرەكەی ڕاست كردەوە، واتە: لاییەكەی لابردووە، بەلاّم ناوەڕۆكە (ذهني)ەكەی، بەواتای ژیری و زیرەكی دێت، هەروەها خێرایی فێربوون، ئەوكەسانەی زۆر بیرتیژ بوون و تێگەیشتنیان خێرابووە، پێیان ووتوون ڕۆشنبیر (المثقف)، یەكەمیان شارەزاییە لەتێگەیشتندا، دووەمیشیان، شارەزاییە لە هونەرەكانی شەڕكردندا (ڕاستكردنەوەی تیر)ەكان[9] ، بەلاّم تێگەیشتن لە توێژی ڕۆشنبیر لەلای توێژەران: ئەو كەسەیە كە خاوەنی بیرو ڕایەكی گشتگیر بێت سەبارەت بە ڕووداو وزانیاریەكان بەشێوەیەكی گشتی، هاوكات خۆی تەرخان بكات بۆ تاوتوێكردن و بلاّوكردنەوەی زانیارییەكانی بەشێوەیەكی بێلایەن.

پێناسەكردنی دەستەواژەی ڕۆشنبیر لەناو توێژەراندا دەنگ وباسی درووست كردووە، هەر لەو كاتەوەی كە ڕۆژنامەی "الأورور" ی فەرنسی بەناونیشانی "إعلان المثقفين" لەكۆتایی سەدەی نۆزدەدا كە پێناسەی خەسلّەتەكانی ڕۆشنبیری لە (نووسەر و زانایان، مامۆستایانی زانكۆ) دا، كۆكردبوویەوە[10] ، پێیان وابوو كە ئەو دابەشكردنە تەواو نییە، هۆكاری ئەوەشی كەناتوانرێت پێناسەیەكی گشتگیر بۆ توێژی ڕۆشنبیر دابنرێت ئەوەیە چونكە ڕۆشنبیر لە هەموو چین و

بەپێی ئەم هاوكێشەیە توێژەر ان وەلاّمەكانی كردە دوو قۆناغ،قۆناغی یەكەم و قۆناغی دووەم ، بڕگە بڕگە بەپێی ئەو هاوكێشەیە شرۆڤەی داتاكانی كرد،دوا ڕێژەی كۆتایی (0.84) ی بۆ دەرچوو،ئەمەش بەو مانایەی كە فۆرمەكە تاڕادەیەكی زۆرلە جێگیری فۆرمەكە دلّنیامان دەكاتەوە.

[6] عبد العزيز شرف، المدخل إلى وسائل الإعلام، دار الكتاب المصري، طبعة الاولى 1999 ،ص 12

[7] أشرف صالح، محمود علم الدين، مقدمة في الصحافة، مركز تكنولوجيا التعليم 2004 القاهرة طبعة الاولى، ص 32

[8] تەماشای ئەم سەرچاوەیە بكە: محمد رياض وتار، شخصية المثقف في الرواية العربية السورية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، 1999ص11. نقلاً عن: ابن منظور، لسان العرب، تحقيق علي شيري- دار احياءالتراث العربي، بيروت،،1988).

[9] محمد رياض وتار، شخصية المثقف في رواية العربية السورية، دراسة من منشورات اتحاد الكتاب العرب 1999، ص11-14

[10] زهران جمال على، تأثير اوضاع المجتمعية على دور المثقف العربي، مجلة الوحدة، العدد(40)، 1988، ص34

توێژەكانی كۆمەڵگەدا ئەگەری بوونی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی توێژەران پێوەرێك پێشكەش بكەن لەخەسڵەتەكانی ڕۆشنبیر دەكرێت ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆڵبینی ئەوكەسە لەبەرچاو بگیرێت .

سەبارەت بە ڕۆشنبیری كورد: لێرەدا توێژەران ناتوانن پێوەرێك بۆ ڕۆشنبیری كورد دابنێن كە بریتی بێت لە هەڵگری بڕوانامەكان _ هەروەك لەبەشی پراكتیكی توێژینەوەكەشدا بۆمان دەركەوت كە توێژی ڕۆشنبیران زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی باڵا نیین– بەو بەڵگەیەی لە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەكەدا دەركەوت كەبڕوانامەی (بنەڕەتی و باڵا) لە پلەی سێهەمدان بەرێژەی (6.7٪) پێك دەهێنن، لە كۆمەڵگەی كوردیدا هەزاران كەس ڕۆڵی ڕۆشنبیری بینییوە و لەهەمانكاتدا هەڵگری بڕوانامەش نەبووەن، بەڵام بەهۆی توانای خودی خۆیانەوە توانیویانە خۆیان ڕۆشنبیر بكەن، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین پێوەرەكانی ڕۆشنبیر لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر دەگۆڕێت،"ئەگەر كۆمەڵگەكە پێشكەوتوو بوو، لەوانەیە پێوەری پڕوانامەی باڵا زۆر گرنگ بێت بەڵام لەكۆمەڵگەیەكی تازە پێگەیشتوودا دەكرێت ئەو پێوەرە بەو جۆرە نەبێت"[12] بەڵام دەتوانین ئەركی ڕۆشنبیری دیاری بكەین كە بریتیە لەوەی گرنگی بدات و وابەستەبێت بە پرسەكانی كۆمەڵگەی، لەڕێی بەكارهێنانی ئامرازەكانی گەیاندنەوە لەخودی و كۆمەڵییەوە هەتا دەگاتە جەماوەرییەكانی وەك میدیای نووسراو و هتد.

3- **ڕۆژنامەی حزبی:** بریتیە لەو ڕۆژنامەیەی كە تەعبیر لە بیرویۆچوونێكی سیاسی، یان ئاراستەیەكی سیاسی یان مەزهەب و ئایدۆلۆجیایەكی دیاری كراو دەكات، ئەركی ڕۆژنامەی حزبی ئەوەیە كە بەرگری لە بۆچوون و هەڵوێستەكانی دەكات حزبییە دیاریكراو دەكات[13].

4- **ڕۆژنامەی ئەهلی** : بەو میدیایە دەوترێت كە دەربڕی بیروبۆچونی حزبێك یان حكومەتێك یان بەرژەوەندی توێژێكی كۆمەڵ نیە، بەڵكو دەمڕاستی هەموو كۆمەڵگەیە.[14]

5- **ڕۆژنامەی ئەلەكترۆنی** : ڕۆژنامەیەكە دەردەچێت و بڵاودەبێتەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، لەسەر شێوەی ڕۆژنامەی ئاسایی لەسەر شاشەی كۆمپیوتەرەكان و هەموو ژانرە ڕۆژنامەوانیەكان لەخۆ دەگرێت.[15]

بەشی دووەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەكە:

باسی یەكەم: بایەخی ڕۆژنامەی چاپكراو:

---

[11] المثقف العربي والالتزام الإيديولوجي، أحمد حجازي، مجلة الوحدة، 1988، العدد 40- ص 23.

12 عبد الرحمن تيشوري، الصحافة الحزبية وطبيعتها ودورها وافاقها، المحور: الصحافة والاعلام ، الحوار المتمدن-العدد: 1304 - 2005 / تاريخ الزيارة/ الجمعة :2016 /8/12
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=44419

[13] بەدران ئەحمەد حەبیب، زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، لەچاپكراوەكانی تۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر،2005، ل17.

14 رضا عبدالواجد أمين، الصحافة الالكترونية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2007.، ص94.

دەڵێن "خراپترین شت ئەوەیە كە خوو بەشتێكەوە بگیرێت بەڵام لەهەمانكاتیشدا چەند جوانە ئەگەر كەسێك خوو بە خوێندنەوەی كتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەوە بگرێت"[15] بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤ لەسەرەتایی ژیانییدا خوو بەشتێكەوە دەگرێت ئیتر ئەو شتە باش بێت یان خراپ، پێویست بێت یان پێویست نەبێت، بۆ نمونە هەرگیز پارەی ئەوشتانەی بیر ناچێت كەجێی بایەخ و ئارەزووی خۆیەتی، هەرچەندە بەهایەكی ئەوتۆشی نەبێت بەڵام ئەو بڕە پارەیەی لەبیر دەچێت كە زۆر پێویستێتی بۆ كرینی شمەكێكی وەك رۆژنامە یان كتێب یان گۆڤاریكی هەرچەند گرنگی و بایەخێكی مەعریفی گەورەشی هەیە و لەهەمانكاتدا نرخەكەشی هەرزانە، بەهەمانشێوە چەندیین شتی تریی لەم جۆرە. پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە بۆچی خوێندنەوە لەلای هەندێ كەس و میللەت نابێت بەكەلتور؟

بێگومان ئەگەر خوێندنەوە ببێت بەكەلتور ئەوە ئاستی بیركردنەوە و ڕۆشنبیری تاك بەرزدەبێتەوە، و دەبێتە قەڵغان بۆ بەرەنگار بوونەوەی نەزانی، دەبێت ئەوەش بپرسین: ئایا نەخوێندنەوە هۆكارەكەی بۆ خراپی ناونیشانەكان و ناوەرۆكی بابەتەكان دەگەڕێتەوە یان بۆ شێوازەكەی، یان بۆ بوونی ڕكابەری سەرسەختی وەك تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان، لەڕاستییدا چاپكراوەكان بەگشتی بەدەر لەئاست و چۆنێتیشیان تارادەیەك لەئاستی مەعریفی خوێنەر بەرز دەكاتە و چێژو ئاوێتە بوون بۆ خوێنەر دروست دەكات و بیرو هزری تارادەیەك بەرەو ئاسۆیەكی باشتر دەبات تەنانەت ئەگەر بابەتەكە لاوازیش بێت خوێنەر دەتوانێت سودی ئەوەی لێ وەربگرێت كە وەك وەرگرێكی شارەزا فیدباكی خۆی بۆ دەزگاكە دەنێرێتەوە و دواجار دەبێت بەبەشێك لە پرۆسەی بەرزكردنەوەی ئاستی مەعریفی بڵاوكراوەك، یان ئەو گوزارشتەی دەیخوێنێتەوە ئاراستەی دەكات بۆ كۆمەڵك سەرچاوەی بەهێزتر، ئەمەش ئەوە ئەگەر خوێندنەوە ببێتە كەلتور ئەوە بەدڵنیایی خوێنەر بەرەو ئاسۆیەكی ڕووناكتر دەبات دواجاریش ئەوەش ڕاستە كەهەموو نووسەرێكی باش خوێنەرێكی باشە.

باسی یەكەم: رۆژنامەی چاپكراو وەك دەسەڵاتی چوارەم:

لەهەزارەی سێیەم و سەردەمی تەكنەلۆجیای ڕەقەمییدا زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت كە كاری ڕۆژنامەوانی دەسەلاتی چوارەمە، بەڵام لەڕاستییدا یەكەم كەس كە كاری ڕۆژنامەوانی بەدەسەڵاتی چوارەم ناوبرد (أدموندیورك) ی، ئینگلیز بوو، كە لە ساڵی (1797)، لەكاتێكدا كەڕووی كردە كورسی ڕۆنامەنووسان لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا و پێی ووتن كە ئێوە دەسەڵاتی چوارەمن، كە بایەخێكی گەورەی هەیە لەڕووی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. هەندێكی تریش دەستەواژەی دەسەڵاتی چوارەم بۆ مێژوونووسی بەریتانی تۆماس ماكولای دەگەڕێننەوە، كەلە (1859)دا، كۆچی

[15] صحيفة (سلاف زهرة)، قراءة الصحف اليومية متى تتحول إلى عادة ؟ ، صحيفة يومية سياسية تصدر عن مؤسسة الوحدة للصحافة والطباعة والنشر والتوزيع – حماة، العدد 15212 /9/شباط/2016 لة سایتی (الفيداء) وەرگیراوە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە لە 2016/3/8 سەردان كراوە: http://fedaa.alwehda.gov.sy/node/111379

دووای كردووە، لە گوزارشتێكدا، دەڵێت: ئەو شوێنەی ڕۆژنامەنووسانی تیایدا دانیشتووە دەسەڵاتی چوارەمە لەشانشینەكەماندا[16]:

- لەبەریتانیا ڕۆژنامەكان بوونە هۆكاری ئیستیقالە پێكردنی تۆنی بلێر بەهۆی ئەو هەواڵە چەواشەكاریانەی كە لەدەربارەی بوونی چەكی كۆكوژی لەعێراق خستبوویە ڕوو .
- لەئەمریكا بابەتێكی بنكۆڵكاری لەڕۆژنامەی واشنتن پۆست بووە هۆكاری لەسەر كار لابردنی (نیكسۆن) سەرۆكی وڵات.
- بەردی بناغەی كاری ڕۆشنبیری كوردی بە دەركردنی یەكەم ڕۆژنامە دەستی ساڵی 1898 دا پێكردووە، كە وەك بڵندگۆیەك وابووە بۆ ئاراستەكردن و ڕۆشنبیركردنی گەلی كورد، هەروەها ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە تۆماركردنی ڕووداوەكاندا.
- ڕۆژنامە هۆكاریك بووە بۆ گەاستنەوەی ئەزموونەكان، سەبارەت بە بەرپرسەكان و خاوەن بڕیارەكان وئاراستە كردنی كۆمەڵگە بەرەو ڕێگایەكی داهاتوویەكی باشتر بەبەردەوامی بەرپرسەكان وەك چاودێرێكی سەرەكی بۆ بەڕێوەچوونی كاروبارەكانیان بەكاریان هێناوە وەك دەسەڵاتی چوارەم، بەڵكو بەهێزتریش لەدەسەڵاتی یەكەم، ولەویش پاكتر، چونكە لەبەرئەوەی كە زۆرترین كەس بەشداری تێدا دەكات، كەواتە، ئایا كاری ڕۆژنامەوانی دەسەڵاتی چوارەمە؟ دەتوانین بڵێین كە لە سەردەمە سەرەتاییەكانی كاری ڕۆژنامەوانییدا كەخۆی لە بوونی ڕۆژنامە وبلاوكراوە سادەكاندا دەبینییەوە دەسەڵاتی چوارەم بوون، بەڵام كاتێك ئەو سەردەمە تێدەپەڕێنین، وڕۆژنامەو بلاوكراوەكان وئینتەرنێت و تۆرەكان و ڕێكخراوەكان دەسەڵات پەیدا دەكەن و ڕای گشتی لەسەر ڕووداوەكان دروست دەكەن، دووریش نییە كەململانێی دەسەڵاتە سەرەكییەكانی تر بكەن، لەبەر ئەوە پێویستە ڕۆژنامەنوویان لەوە زیاتر ڕێز لەخۆیان بگرن و ڕۆڵ و بایەخی خۆیان بزانن، چونكە ڕۆڵی ئەوانیش گرنگە وەك ڕۆڵی وەزیر و قازی و ... هتد، چونكە سەقفی كارەكانیان زۆر فراوانە و ئەوەی كە تەحەكوم دەكات لە كارەكانیاندا ویژدان و ئینتیما و كۆنترۆڵی خودی خۆیانە، بەتایبەتی لەئێستادا بەهۆی ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە لەنزیكترین كاتدا زۆرترین زانیاری و كاریگەری لەسەر تاك و كۆمەڵگەكان دروست دەكەن .

باسی دووهەم: تەحەددیی و ململانێكانی نێوان ڕۆژنامەی چاپكراو و میدیای ئەلەكترۆنی:

یەكەم: تەحەدییەكانی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیای نوێی ڕاگەیاندن:

توێژەرانی بوارەكە ئاماژە بەوە دەكەن كە لەدەیەكانی سەدەی ڕابوردوودا تەكنەلۆجیا بەسێ شێوە كاری لەڕۆژنامەی چاپكراو (كاغەزی) كردووە[16]:

---

[16]) محمد الجناتي، باحث في العلوم القانونية والإدارية والسياسية، السلطة الرابعة، نشر في (هبة بريس) يوم 13-04– 2012.
http://www.maghress.com/hibapress/82511
لە ڕۆژی 2016/3/4 سەردانی كراوە

1- شێوەی یەكەم، پەیوەندی بەبڵاوبونەوەی تۆڕی كەناڵی ئاسمانی لەهەموو جیهاندا هەبوو، كەهەلی زۆرترین بژاردەیان بۆ بینەران ڕەخساندووە، بەئاماژەدان بەووتەیەكی (بەیار بوردیو) (Bourdieu) لەكتێبەكەیدا دەربارەی **تەلەفزێۆن**، كە ئەمە دەقەكەیەتی:"جۆراو جۆری تەلەفزیۆنەكان مانای خەڵەتاندن ودرۆكردنە، مەبەستی ئەوەیە كە تەنها خۆی بێت لە لەدەستبەسەراگرتن و بەرنامەڕێژیدا".

2- شێوەی دووەم، پەیوەستە بەبەرزبوونەوەی نرخی پەڕاو، وچاپخانە وتێچوونەكانی ودابەشكردنی، هەروەها كەمكردنەوەی بابەتی ڕیكلامی. ئەمانەش دەبنە هۆی دروستكردنی فشار لەڕۆژنامەدا بۆ كەم بوونەوەی داهاتەكانی، كەئەمەش دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی توانای جێبەجێكردنی كاری بەدواداچوونی بنكۆڵكاری قورس، و لەوانەیە كۆمپانیا گەورەكان دوچاری چاوچنۆكی سیاسی ومادی بكات.

3- شێوەی سێیەم، پەیوەندی بەچەرخی ئینتەرنێتەوە وپشكەوتنە خێراكانیەوە هەیە، بەجۆرێك تۆڕەكە پێكهاتەی هەموو ئامرازە میدیاییەكانی تێدایە.

هاوكات بەشێكی زۆری توێژەران پێشبینی لەناوچوونی ڕۆژنامەی چاپكراو دەكەن لەماوەی ساڵانی داهاتوودا بەپێی ئەو ڕاپرسیایانەی كەدەكرێت ئاماژە بەوازهێنانی نەوەی نوێ دەكەن لەڕۆژنامەی چاپكراو، جێی سەرەنجە ئەگەر ڕۆژنامەی چاپكراو پشتگیری نەكرێت، لەسەر پێی خۆی ڕاناوەستێت، چونكە ئەو ئاراستەی ئێستا هەیە تێكەڵكردنێكی میدیای چاپكراو وپێگەكانی ئینتەرنێتە، چونكە لەوەیاندا زیاتر توانای گفتوگۆكردنی نێوان دوو نەوە لەخوێنەران لەیەك كاتدا دروست دەبێت، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی كەڕوبەرووبونەوەی ڕاستەقینە لەبەردەم ڕۆژنامەی چاپكراودا لەوانەیە لەگۆڕینی بنەڕەتی فەلسەفەی ڕۆژنامەدا بێت، هەروەها پێویستە خۆی ڕابهێنێت لەگەڵ شۆڕشی تەكنەلۆجیادا پێش ئەوەی سەرمایەیەكی زەبەلاح هەڵی بلوشێ، بەم جۆرە كەرتی میدیا بەگشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی لەگەڵ چەندین تەحەدی كراوەدا دەژین، كەگیروگرفتی بۆ بەردەوامبوونی دروست كردووە، لەكاتێكدا كەتەكنەلۆجیا خۆی بەسەر وەرگری بواری میدیا وگەیاندندا سەپاندووە كەڕوو بكەنە بڵاوكراوە ئەلەكترۆنیەكان یان پشت بەمیدیای بینراو ببەستن بۆ وەرگرتنی هەواڵ وزانیاری. ئەمەش وای لەدامەزراوەكانی ڕۆژنامە كردووە كەكاركرنیان تەنها بۆ دابینكردنی هەواڵی ڕۆژانە، وبەردەوام بوونی بێت[17].

دووەم: تەحەدییەكان لە ڕووی جیاوازیی بەكارهێنانی چاپكراوەكان و ئەلەكترۆنییەكان و شێوازەكانی سوود لێ وەرگرتنیان:[18]

[17] أسعد أبو خليل، "الصحافة المكتوبة: هل آن أوان نعيها؟،" جريدة الأخبار، 2009/11/21.

[18] لەم بارەیەوە تەماشای ئەم سەرچاوەیە بكە: جهينة خالدية، "رجل الأعمال جمال دانيال أول المساهمين: "السفير" تتحول إلى شركة... وتبقى على خطها،" السفير، 2011/9/20.

[19] جوان جلال الدين ، الصدحافة لألكترونية الكوردية أشكالها واساليب اخراجها، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم الاعلام- فاكلتي العلوم الاسانية بجامعة السليمانية، 2012 ص ص 161-162

1- **لەڕووی وابەستەبوون بەکاتەوە:** میدیای ئەلەکترۆنی وابەستەی کات نییە و هەهەواڵ و زانیارییەك هەبیت ڕاستەوخۆ دەتوانرێت بلاو بکرێتەوە، هاوکات بخوێنرێتەوە خۆنەبەستنەوە، ئەوکاتەی بۆ کەسەکان گونجاوە کاری تێدا دەکەن چ نێرەرەکە بێت یان ئەوکەسانەی کە هەڵدەسن بەکۆکردنەوەی بابەتەکان، بەڵام چاپکراوەکان وابەستەی کاتی دیاری کراون کە ئەمەش هەلی نوێکردنەوەی بابەت و هەواڵ و زانیارییەکانیان لەدەستداوە

2- **لەڕووی توانای گواستنەوەی:** میدیای ئەلەکترۆنی لەهەرجێگایەکی دنیا دەتوانرێت پەیوەندی بکرێت و ئاگوڵوگۆڕی نێوان نێرەر و وەرگر ڕووبدات بیت بەتایبەتی کە لەئیستادا چەندیك ئامرازی زیرەك بەکاردەهێنرێت وەك موبایل بەڵام لە چاپکراوەکاندا ئەم هەلە نەڕخساوە، ڕۆژانە، یان هەفتانە، یان مانگانە دەتوانرێت پەیوەندی ناردن و وەرگرتن دروست بکرێت..

3- **لەڕووی بەشداریکردنەوە:** لە ئەلەکترۆنییدا هاوڵاتییەکی سادە دەتوانێت بەشداری بکات لەبڵاوکردنەوە و کۆمێنتدان لەسەر بیروڕای خەڵك و وەك ڕۆژنامەنووسێکی هاوڵاتی مامەڵە دەکات، واتە لەهەمانکاتدا وەرگرەو ونێرەریشە، بەڵام لە چاپکراوەکاندا وەرگر هەمیشە وەرگرە تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە فۆرمێکی ڕاپرسی بخەنە بەردەستی بۆ نووسینی فیدباك لەسەر بابەبەتێکی میدیایی.[20]

4- **لەڕووی کۆبوونەوەی سەرجەم ئامرازەکانی گەیاندن لەیەك کاتدا:** نوسین گوێگرتن بینین ڤیدیۆ وێنە و...هتد وەرگر بەئاسانی دەتوانێت تەحەکوم بەهەریەکەیانەوە بکات، لەبەر ئەوە زۆر جار دەبینین خوێنەری ئەلەکترۆنی لەچەندین ڕوەوە زانیاری و شارەزایی پەیدا دەکات بەپێچەوانەی خوێنەری چاپکراوەکانەوە، کە هەلی ئاوێتە بوون و تەحەکوم کردنی نییە لەسەر بابەتەکان

5- **لەڕووی بوونی ئازادیی بەرفراوان:** میدیایی نوێ ئەوەندە بواری ئازادی بەرفراوان کردووە هیچ کەس ناتوانێت بەکاری نەهێنێت ئیدی بەمەبەستی کۆمەڵایەتی یا زانسیتی یان سیاسی و ئابووری و هتد، چونکە بەبێ خۆ هیلاك کردن پرۆسەی چێژو پێداویستییەکانی خۆی پێ پڕدەکاتەوە و دەنگی خۆی دەگەیەنێت بەوانەی کە دەیەوێت.

6- **لەڕووی ئاسانی هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی بابەتەکان:** ئەمەش بۆ کەسێکی ئاسایی و بۆ ڕۆژنامەنووس یان کەناڵێك یان کەسایەتییەکی سیاسی زۆر گرنگە و جگەلەمەش بەئاسانی دۆزینەوە و بەکارهێنانەوەی بابەتەکان و تازەکردنەوەیان بەپێی گۆڕانکارییەکان .

7- **لەڕووی چاودێری کردن و سانسۆر:** میدیای ئەلەکترۆنی گۆڕەپانێکی کراوەیە بۆ بڵاو کردنەوە بەبێ چاودێری کردن، هەرچەندە هەوڵی زۆردەدرێت بۆ ئەوەی سانسۆری بۆ دابنرێت بەڵام بە تێچوونێکی زۆر دەبێت و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە، بەڵام چاپکراوەکان گۆڕەپانێکی داخراوە و چاودێری لەسەرە و بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت.

[20] دید وبۆچوونی توێژەرانی توێژینەوەکە، زانکۆی سلێمانی، 2016/4/2

8- **لەڕووی تێچوونەوە:** میدیای ئەلەکترونی بەوە بەناوبانگە کە تێچوونی کەمە و بەکەمترین تێچوون دەتوانرێت ئامانجێك دروست بکرێت.

سێیەم: ئەگەرەکانی مانەوەی رۆژنامەی چاپکراو:

بەراوردێکە لەنێوان رۆژنامەی چاپکراو و میدیای ئەلەکترۆنیی لەڕووی ڕۆڵ و بایەخ و بەرپرسیارێتیەوە:

سەرەڕای ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد لەنێوان چاپکراوەکان ئەلەکترۆنییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئیستاش لەڕووی ڕۆڵ و بایەخ و بەرپرسیارێتییەوە لەبەر چەندین ڕوەوە ڕۆژنامە چاپکراوەکان لەپێشترن[21]

1- **لەڕووی ناوەرۆکەوە:** بابەتە ئەلەکترۆنییەکان بەسەرپێی دەخرێنە ڕوو لەهەمانکاتدا زمانی نووسینی لاوازە و ووشە وگوزارشتی نەشیاوی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە چاپکراوەکاندا نووسەر و خاوەنی ڕۆژنامەکە هەوڵ دەدەن ڕێنووس و ڕێزمان پەیڕەو بکەن وەردەوام یاری بەوشەدەکەن و دەیسازێنن بەپێی بابەتەکان.

2- **لەڕووی یاساییەوە (تاوانی بڵاو کردنەوە):** ئەوەی زۆر باوە لەمیدیای ئەلەکترۆنییدا دزی ئەدەبییە،ئەمە بەجۆرێك بەربڵاوە هەندێك جار دەگاتە ئاستی دزینی توێژینەوەکان، کتێبەکان ، هتد، زۆر بەکەمی و مافی پاراستنی سەرچاوە دەپارێزرێت چەندین بابەت لە میدیایەکی ئەلەکترۆنییدا بڵاو دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی ناووی نووسەر یان تەنانەت ناوی ئەو شوێنەی لێی وەرگیرابێت بڵاو بکرێتەوە، تەنها دەنووسرێت ((وەرگیراوە))، هەرچەندە دزی ئەدەبی لە چاپکراوەکانیشدا هەیە بەڵام کەمترە و بەئاسانی دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرچاوە ئەلەکترۆنیەکان بەسەرچاوەی ڕەسەن دانەنرێن و سڵەمینەوە هەبێت بەرامبەریان، کە ئەمەش بۆچوونێکی ڕاست نییە چونکە ناکرێت ئەم سەرچاوە جیهانییە گەورەیە سوودی بۆ توێژینەوەی زانستی نەبێت.

3- **لەڕووی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە و درۆ وناوزراندنەوە:** لەبەر ئەوەی کەمیدیای ئەلەکترۆنی بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت و دەکرێت خاوەنەکەی کەسێکی وەهمی بێت، شوێنێکی گونجاوە بۆ سەرپێچی کردن، بەڵام لە میدیای چاپکراودا چ میدیاکە خاوەنی هەیە و شوێن و پێگەی زانراوە، چ ئەو نووسەرەی کە بابەتەکان بڵاو دەکاتەوە، لەبەر ئەوە بەئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت.

4- **لەڕووی ووردییەوە:** نەبوونی ووردی لەبابەتە ئەلەکترۆنییەکاندا شتێکی بەڵگە نەویستە و زۆرجاریش بوونی هەواڵێکی ناو تۆرەکان هەرایەك دەنێتە و لەوانەشە ببێتە هۆی چەواشەکردنی ڕای گشتی جەماوەر، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە نووسەرەکەی پابەند نییە بە پرنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانییەوە، بەپێچەوانەوە لەچاپکراوەکاندا ووردی داواکارییەکی سەرەکییەو لەحاڵەتی نەبوونیدا لەهەربابەتێدا خاوەنەکەی تووشی سەرزەنشت دەبێتەوە.

[21] سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە : بەشداری ئافرەت لە ماڵپەڕی خەندان عەبدوخالق ئیرباهیم، گۆڤاری پۆلی تەکنیك پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، بەرگی (5) ژمارە 1) ئایاری 2015 ل ل7–8

5- **لەڕووی ئیدمان بوون و کەنارگیریەوە:** میدیای نوێ دەیتە هۆی دورکەوتنەوەی بەکارهێنەرانی لە جیهانی ڕاستەقینە و ئیدمان بوون لە جیهانێکی گریمانەییدا، بۆ نمونە خێزانێك لە ژێر یەك سەقفدا دەژیین، بەلاّم هەریەك لە جیهانێکی گریمانەیی تایبەت بەخۆیدا دەژی لەوانەیە لەڕووی جوگراڤی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و ...هتد زۆر جیاواز بێت لەگەلّ جیهانە راستەقینەکەی خۆیدا و بەمەش زۆرجار بەکارهێنەران تووشی دلّەڕاوکێ و شپرزەیی دەروونی دەبن و دووریش نییە ببێتە حالّەتێکی نەخۆشی هیچ بایەخ بەوە نادات کە لەدەوروبەری دەگوزەرێت. هاوکات ڕۆژنامەو گۆڤارە چاپکراوەکان هەردەم خوێنەرانی دەبەستنەوە بەجیهانی راستەقینەوە

6- **لەڕووی تایبەتمەندی ژیانی تاکەوە:** لەگەورەترین کێشەکانی میدیای ئەلەکترۆنی ئەوەیە کە زۆربەئاسانی تایبەتمەندی ژیانی تاك لەبەرچاوناگرێت و زۆرجاریش ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە لێپرسینەوە لەگەلّ خاوەنی بەرهەمەکەدا ناکرێت لەسەر بوونی ئەو بابەتانەی کە ژیانی تایبەت تێك دەدەن و زانیاری نادروست هەزارەها وەرگری ناو تۆرەکان دەدەن، بەلاّم لە چاپکراوەکاندا ئەگەر ئەم چەواشەکاریەش بکرێت بەلاّم ئەنجامدەرانی لێپێچینەوەیان لەگەلّ دەکرێت و زۆرجاریش قەرەبوونی ماددی و مەعنەوی دەدرێنەو.

7- **لەڕووی هاندان وچەواشەکاریەوە:** ڕۆژنامەگەری ئەلیکرتۆنی بۆتە فەزایەکی کراوە بۆ ئەوەی لەژێر ناوی خوازراو و وەهمیەوە کەس و گرووپەکان شەڕ و ململانێی کەسی و حیزبی وسیاسییەکانیان لەوێ ساغ بکەنەوە، بەتایبەت لەکاتی هەلّمەتەکانی هەلّبژاردندا زمان و ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەگەرییە بۆ نزمرتین ئاست دادەبەزێ و دەگاتە سنوورێك هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەلاّیەتی و سیاسی بکات.[22]

8- **ملکەچ نەبوونی بۆ یاسا و لێپێچینەوە و بەربەستی یاسایی:** یەکێك لەبەربەستەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی نەبوونی چوارچێوەیەکی یاساییە نیشتیمانی و نێودەولّەتییە کەکاری ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی ڕێك بخات، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (32) ی ساڵی 2007، هەیە، بەلاّم ئەو یاسایە تەنیا بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری کاغەزی دانراوە ولە بواری میدیای بینراو وبیستراو و ئەلەکترۆنیدا بۆشاییەکی یاسایی گەورە هەیە، ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی لەگەلّ خۆیدا چەندین کێشەی دروست کردووە لەوانە:[23]

9- **غیابی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و پیشەیی و کۆمەلاّیەتیەوە:** لەمیدای ئەلەکترۆنییدا بەگشتی، ئەم شۆرشە نوێیە هەموو پێوەرە ئەخلاقی و پیشەیی و کۆمەلاّیەتییەکانی هەلّگەڕاندۆتەوە، چونکە ئەم میدیاییە هەموو هاولاّتییەکی ئاسایی کردۆتە ڕۆژنامەنووس ئەوەشی ئەمڕۆ لە تۆڕەکاندا دەبینرێت لە شێواز و چۆنیەتی گوزارشت کردن لەلە هەواڵ و ڕوداو و قەیرانەکان جۆرێکە لەدەرچوون لە نەریتی پیشەیی بوون و دژ وەستانەوەیە لەگەلّ پێوەرە باوەکانی کاری ڕۆژنامەوانییدا.

---

[22] ئاری عەبدوللەتیف ، لەبارەی میدیاوە، لەبلاّوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەولێر ،2012، ل82.

[23] جوان جلال الدين، الصحافة الالكترونية(اشكالها واساليب اخراجها)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى الجامعة السليمانية قسم الاعلام - فاكلتي العلوم الانسانية بجامعة السليمانية- سنة 2012 -262

بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە

ڕۆڵ و بایەخی ڕۆژنامەی چاپكراو لەلای توێژی ڕۆشنبیران

ئەم بەشە بریتیە لەبەشی پراكتیكی توێژینەوەكە، توێژەران هەستاون بە دروستكردنی فۆرمێكی ڕاپرسی كە پێك هاتووە لەزیاتر لە 25 پرسیار وئاراستە ی توێژی ڕۆشنبیران كراوە لەبەرواری (2016/4/22-2015/12/10) بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەكە وبەدەستهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە، كە توێژەران دەستنیشانیان كردووە، بەشی یەكەمی فۆرمەكە پێناسێكی سامپڵی توێژینەوەكەیە و بەشی دووەمیشی شیكردنەوەی ئەو وەڵامانەیە كە لە لایەن توێژی ڕۆشنبیرانەوە (سامپڵەكەوە) گوزارشتی لێكراوە:

1- ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەكە:

خشتەی (1)

ڕەگەز	ژمارە	ڕێژەی سەدیی	پلەبەندی
نێر	60	%80	یەكەم
مێ	15	%20	دووەم
كۆی گشتی	75	100	

وەك لەخشتەی (1)دا دەردەكەوێت سامپڵی توێژینەوەكە ڕێژەی (80٪)یان لەڕەگەزی (نێر) و (20٪) لە ڕەگەزی مێ، بوون ئەم جیاوازییە زۆرەش لە ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ لەڕۆشنبیران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ڕێژەی ڕۆشنبیران لە پیاوان لە ڕووی ژمارەوە لە ژنان زیاترن و هەروەها كەمی ڕێژەی ڕەگەزی (مێ) لە كایە ڕۆشنبیریەكاندا بەرامبەربە ڕەگەزی (نێر).

2- تەمەنی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەكە):

خشتەی (2)

تەمەن	ژمارە	ڕێژەی سەدیی	پلەبەندی
20 – 30 ساڵ	9	%12	چوارەم
31– 40 ساڵ	28	%37.3	یەكەم
41 – 50 ساڵ	21	%28	دووەم
50 ساڵ سەروتر	17	%22.7	سێیەم
كۆی گشتی	75	100	

هاوكات تەمەنی سامپڵی توێژینەوەكە بەم شێوەیە بوو ، 37.3٪ ی تەمەنی سامپڵەكە لە نێوان (31–40) ساڵیدایە كە پلەی یەكەمی وەرگرتووە،تەمەنی (41–50) ساڵیش ڕێژەی (28٪) بە پلەی دووەم ، تەمەنی (50 ساڵ سەروتر) بە پلەی سێهەم هاتووە بە ڕێژەی (22.7٪)،پلەی چوارەمیش تەمەنی (20–30) ساڵە بە ڕێژەی (12٪).

ئەوەی پەیوەندی بە تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەوە هەیە، بە پلەی یەکەم لە (31–40) ساڵ ، لەوانەیە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو دەستەیە لە تەمەن گەشتونەتە ئاستی کامڵ بوون و لە و پەڕی چالاکیدان بۆیە شتێکی ئاسساییە کە بڵێن توێژی ڕۆشنبیر بە زۆری لەو دەستەیەی تەمەندان، تەماشای خشتەی (2)بکە.

3- ئاستی بڕوانامەی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەکە):

خشتەی (3)

بڕوانامە	ژمارە	ڕێژەی سەدیی	پلەبەندی
بنەڕەتی	5	%6.7	سێیەم
ئامادەیی	19	%25.3	دووەم
دبلۆم	23	%30.7	یەکەم
زانکۆ	23	%30.7	یەکەم
باڵا	5	%6.7	سێیەم
کۆی گشتی	75	100	

سەبارەت بە ئاستی بڕوانامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بڕوانامەی (دبلۆم و زانکۆ) هەمان ڕێژەیان وەرگرتووە بەڕێژەی (30.7٪) کە پلەی یەکەم وەردەگرن ، بڕوانامەی ئامادەی ڕێژەی (25.3٪) هەیە بە پلەی دووەم هاتووە، بەهەمان شێوە بڕوانامەی (بنەڕەتی و باڵا) لە پلەی سێهەمدان بەڕێژەی (6.7٪). تەماشای خشتەی (3)بکە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕوانامەی بە شداربوانی توێژینەوەکە لە ئاستی بڕوانامەی زانکۆ و دیبلۆمدایە هەرچی بڕوانامەی خوێندنی باڵایە کەمترین ڕێژەی هەیە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مەرج نییە بڕوانامە ببێتە پێوەری ڕۆشنبیری کەسەکان.

4- بواری پسپۆڕیی توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژنەوەکە):

خشتەی (4)

پسپۆری	ژمارە	ڕێژەی سەدیی	پلەبەندی
زانستە مرۆییەکان	60	%80	یەکەم
زانستی	15	%20	دووەم
کۆی گشتی	75	100	

سەبارەت بە پسپۆڕی توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژنەوەکە)، ڕێژەی (80٪) بەپلەی یەکەم پسپۆڕییان لە زانستە مرۆییەکانە، هەرچی پسپۆری زانستی یە پلەی دووەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (20٪). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پە یوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان زانستی مرۆڤایەتی و بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیدا. تەماشای خشتەی (4)بکە.

5- شوێنی نیشتەجێبوونی توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژنەوەکە):

خشتەی (5)

شوێنی نیشتە جێبوون	ژمارە	ڕێژەی سەدیی	پلەبەندی
ناو شار	69	%92	یەکەم
دەرەوەی شار	6	%8	دووەم
کۆی گشتی	75	100	

هەروەها لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوونی سامپڵی توێژینەوەکەشەوە ، نیشتەجێبوانی ناوشار بە پلەی یەکەم بوون بە ڕێژەی (69٪) لەبەرامبەردا نیشتەجێبوانی دەرەوەی شار لە پلەی دووەمدان بە ڕێژەی (8٪). تەماشای خشتەی (5)بکە.

ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسانەی وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون بریتیە لە ناو شار ئەمەش بە شتێکی ئاسایی دادونرێت لەبەرئەوەی کە دابەشکردنی فۆرمەکان لەناو شاردا بووە و وەرگرتنەوە و گەڕاندنەوەی فۆرمەکان ئاسان ترە لە چاو دابەشکردن و گەڕاندنەوەی لە دەرەوەی شار هەروە ها توێژی ڕۆشنبیران لە ناو پارێزگادا زیاترە.

6- توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوە) چ ڕۆژنامەیەك دەخوێنیتەوە:

خشتەی (6)

چ ڕۆژنامەیەك دەخوێنیتەوە	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
حزبی	8	٪10.7	سێیەم
ئەهلی	13	٪17.3	دووەم
هەردووکیان	59	٪65.3	یەکەم
هیچیان	5	٪6.7	چوارەم
کۆ	75	100	

وەك لەخشتەی (6)دا، دەردەکەوێت، خوێنەری ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی بەپلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (65.3٪) هاوکات خوێنەری ڕۆژنامەی ئەهلی بەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی (17.2٪) لە بەرامبەردا خوێندنەوەی ڕۆژنامەی حزبی لە پلەی سێهەدایە بەڕێژەی (10.7٪) ، بەڵام ڕێژەی (5٪) ی سامپڵی توێژینەوەکە هیچ کام لە ڕۆژنامەکان ناخوێننەوە. ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە توێژی ڕۆشنبیر هەردوو ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبیی دەخوێنێتەوە بەپلەی یەکەم بەوبەڵگەیەی کە برگەی هەردووکیان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە بەراورد بە برگەکانیدیکە کە بریتیە 65.3٪.

7- توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوە) لەڕۆژنامە ئەهلییەکاندا چ بابەتێك دەخوێنیتەوە:

خشتەی (7)

بابەت	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
سیاسی	33	٪44	یەکەم
ئابووری	2	٪2.7	چوارەم
کۆمەلایەتی	2	٪2.7	چوارەم

ئاینی	0	٪0.0	
ڕۆشنبیری گشتی	9	٪12	سێیەم
هیچکامیان	9	٪12	سێیەم
هەموویان	20	٪26.7	دووەم
کۆی گشتی	75	100	

لەخشتەی (7) دەردەکەوێت، کە ئەو بابەتانەی توێژی ڕۆشنبیران لەڕۆژنامە ئەهلییەکاندا دەیخوێننەوە بەپێی بایەخبەندی بەم شێوەیە بووە: ڕێژی 26.7 وبەپلەی یەکەم هەموو بابەتەکان دەخوێننەوە، هاوکات بەپلەی دووەم وبەڕێژەی 12٪ بەیەکسانی بۆ هەریەك لەوانەی کە هیچیان ناخوێننەوە هەروەها ئەوانەشی کە ڕۆشنبیری گشتی دەخوێننەوە، بەپلەی سێیەم بابەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەخوێننەوە بەڕێژەی 2.7٪، هەرچی بابەتی ئاینی هەیە خوێنەرانی ڕێژەیان 0٪

ئەم خشتەیە ئاماژە بەوە دەکات کە خوێنەری ڕۆژنامە ئەهلییەکان زیاتر بابەتی ڕۆشنبیری گشت دەخوێننەو و بابەتی ئایینی ناخوێننەوە، نەبوونی ئەم ڕێژەیەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕۆژنامە ئەهلیەکان گرنگی بەبابەتی ئاینی نادەن.

8- لە ڕۆژنامە حزبیەکاندا چ بابەتێك دەخوێنیتەوە

خشتەی (8)

بابەت	چەندبارە	٪	پلەبەندی
سیاسی	28	٪37.3	یەکەم
ئابووری	2	٪2.7	پێنجەم
کۆمەلایەتی	1	٪1.3	شەشەم
ئاینی	0	٪0.0	
ڕۆشنبیری گشتی	11	٪14.7	چوارەم
هیچکامیان	14	٪18.7	سێیەم
هەموویان	19	٪25.3	دووەم
کۆی گشتی	75	100	

لەخشتەی ژمارە(8) دەردەکەوێت، کە ئەو بابەتانەی توێژی ڕۆشنبیران لەڕۆژنامە حزبییەکاندا دەیخوێننەوە بەپێی بایەخبەندی بەم شێوەیە بووە: ڕێژی 37.3٪ بەپلەی یەکەم بابەتی سیاسی دەخوێننەوە، بەپلەی دووەم 26.3٪ هەموو بابەتەکان دەخوێننەوە، ڕێژەی 18٪ بەپلەی سێیەم هیچیان ناخوێننەوە، ڕێژەی 14٪ بەپلەی چوارەم، ڕۆشنبیری گشتی دەخوێننەوە، بەپلەی پێنجەم بەڕێژەی 2.7٪ بابەتی ئابووری ، بەڕێژەی 1.3٪ بابەتی کۆمەلایەتی، دەخوێننەوە، بەهەمانشێوە ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتی ئاینی سفرە

ئەم خشتەیە ئاماژە بەوە دەكات كە خوێنەری ڕۆژنامە حزبییەكان زۆربەیان خوێنەری بابەتی سیاسیین، لەوانەیە هۆكارەكەشی ئەوە بێت ئەم توێژە زیاتر لەسیاسەتەوە نزیك بن و بیانەوەێت سیاسەتی حزبەكان بزانن، هاوكات ڕێژەی 18٪ بەشێوەیەكی گشتی هیچ بایەخێكیان بۆ بابەتەكان نییە.

9- توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوە) ئاستی ڕۆژنامە ئەهلیەكان چۆن دەبینن؟

خشتەی(9)

ئاستی بینینی ڕۆژنامەی ئەهلی	چەندبارە	٪	پلە بەندی
زۆر باش	7	٪9.33	پلەی سێهەم
باش	46	٪61.33	پلەی یەكەم
خراپ	22	٪29.34	پلەی دووەم
كۆ	75	٪100	

لەخشتەی (9)دا ئەوە دەردەكەوێت كە سامپڵی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (٪61.33) لە پلەی یەكەمدا ئاستی ڕۆژنامە ئەهلیەكان بە باش دەزانن و لە پلە دووەمدا بە خراپ ئەدادەنێن بە ڕێژەی (٪29.34) لە پلەی سێهەمیشدا بەڕێژەی (٪9.33) بە زۆرباشی دەبینن، ئەم ڕێژانەش ئەوە دەردەخەن كە ڕۆژنامە ئەهلیەكان تارادەیەك لە ئاستی بایەخپێدانی سامپڵی توێژینەوەكەدا بەوهۆیەشەوە لەنیوە زیاتری بە باشی دادەنێن.

10- توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوە) ئاستی ڕۆژنامە حزبییەكان چۆن دەبینن؟

خشتەی (10)

ئاستی بینینی ڕۆژنامەی حزبی	چەندبارە	٪	پلە بەندی
زۆرباش	0	٪0	
باش	35	٪46.67	پلەی دووەم
خراپ	40	٪52.23	پلەی یەكەم
كۆ	75	٪100	

لەخشتەی (10)دا سامپڵی توێژینەوەكە لە پلەی یەكەمدا و بەڕێژەی (٪52.23) ئاستی ڕۆژنامەی حزبی بە خراپ دادەنێن بە پلەی دووەمیش بە باشی دادەنێن بە ڕێژەی (٪46.67) بەڵام هیچ یەكێك لە سامپڵی توێژینەوەكە بە زۆر باشی نازانێت بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی ئەهلی كە بەشێكیان بە زۆرباشیان دانابوو، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات كە ڕۆژنامەی حزبی لەئاست خواست و بایەخپێدانەكانی خوێنەرانی نیە.

11- توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەڕۆژنامە) بەچ ڕێگایە ڕۆژنامە حزبی و ئەهلییەکانیان بەدەست دەگات:

خشتەی (11)

ئاست		چۆنیەتی دەست کەوتنی ڕۆژنامەی حزبی				
چۆنیەتیدەست کەوتنی ڕۆژنامەی ئەهلی	ئاست	کرین	دیاری	ئۆرگانی حیزبی	بەرێکەوت	کۆی ئەهلی
	کرین	22 ٪29.33	9 ٪12	6 ٪8	12 ٪16	49 ٪65.33
	دیاری	0 ٪0.0	2 ٪2.67	0 ٪0.0	0 ٪0.0	2 ٪2.67
	ڕێکەوت	0 ٪0.0	6 ٪8	6 ٪8	12 ٪16	24 ٪32
	کۆ حزبی	22 ٪29.33	17 ٪22.67	12 ٪16	24 ٪32	75 100

وەك لەخشتەی(11) دا دەردەکەوێت، بەدەست گەیشتنی ڕۆژنامە لەڕێی کڕینەوە لە ڕۆژنامەی (ئەهلی) لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (65.33٪)، لە پلەی دووەمدا بە ڕێکەوت بەدەستیان دەگات بەڕێژەی (32٪)، هەرچی لە ڕێگەی دیارییەوەیە لە پلەی سێهەمدایە لە ڕۆژنامەی حزبیدا بە ڕێژەی (12٪) و لە ڕۆژنامەی ئەهلیش (2.67٪)، ئۆرگانی حزبیش لە پلەی چوارەمدا دێت بە ڕێژەی (16٪) کە تەنها ڕۆژنامە حزبیەکان لەم ڕێگەیەوە بەدەستیان دەگات، سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەست گەیشتنی ڕۆژنامەی ئەهلی، لە پلەی یەکەمدا بەڕێژەی (65.33٪) لە ڕێگەی (کڕین)ەوە ڕۆژنامە ئەهلیەکانیان بەدەست دەگات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خواستی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئەهلییان هەیە وچاوەڕێ ناکەن تا لەڕیگەکانی دیکەوە ڕۆژنامەکەیان بە دەست بگات، بەڵام لە چۆنیەتی بەدەست گەیشتنی ڕۆژنامەی حزبی ئەو کەسانەی وەك سامپڵی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون لە پلەی یەکەمدا بەڕێژەی (32٪) لە ڕێگەی (بەڕێکەوت)ەوە، ڕۆژنامەی حزبیان بەدەست دەگات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیان نین و پارەی بۆ تەرخان ناکەن تا بیکڕن لە کوێدا بەرچاویان بکەوێت دەیخوێننەوە.

12- شوێنی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان لەلایەن توێژی ڕۆشنبیرانەوە:

خشتەی (12)

شوێنی خوێندنەوەی ڕۆژنامە	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ماڵەوە	43	٪57.3	یەکەم
سەرشەقام	5	٪6.7	سێیەم
دەوام	16	٪21.3	دووەم
بارەگا	2	٪2.7	چوارەم

باخی گشتی	2	٪2.7	چوارەم
ناو پاس و تەکسی	2	٪2.7	چوارەم
ناخوێنمەوە	5	٪6.7	سێیەم
کۆی گشتی	75	100	

خشتەی (12) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە ماڵەوە لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (57.3٪)، لە پلەی دووەمیشدا خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە لە دەوام بە ڕێژەی (21.3٪)، هەرچی خوێندنەوەیە لە سەرشەقام بە ڕێژەی (6.7٪) ە بە پلەی سێهەم، خوێندنەوە لە نێو (بارەگا و باخی گشتی و ناوپاص و تەکسی) یە بەرێژەی (2.7٪)

شوێنی خوێندنەوەی ڕۆژنامە لەلایەن توێژی ڕۆشنبیری سامپڵی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بەدەردەخات کە بڕگەی(ماڵەوە) زۆرترین چەندبارەی هەبووە بە ڕێژەی 57.3٪ ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی توێژی ڕۆشنبیر بە کردەیی خوێنەری ڕۆژنامەن و کات و شوێنی دیارکراو تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی و دەیانەوێت بە تەرکیزەوە ڕۆژنامەکە بخوێننەوەلە بەرامبەردا خوێندنەوەی سەرپێی لە (شەقام، باخی گشتی و ناوپاص و تەکسی) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە کە ڕێژەکەی (2.7٪) ئەو وتەیە دەسەلمێنێت کە ڕۆشنبیر بە کردەیی ڕۆژنامەکان دەخوێنێتەوە.

13- هۆکاری خوێندنەوەی ڕۆژنامە حزبی و ئەهلییەکان:

خشتەی ژمارە (13)

هۆکارەکانی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئەهلی وحزبی	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
هەواڵ و زانیاری بەدەست هێنان	42	53.16٪	یەکەم
ئەو دەست کراوەیەی کە ئەهلی دا هەیە لە حزبیدا نیە واتا ئازاد ترن	2	2.53٪	پێنجەم
ڕاو بۆچوونی جیاواز ببینم	6	7.59٪	سێیەم
هیچیان بە تەنیا سایەی متمانە نین	2	2.53٪	پێنجەم
ڕاماتووم لەسەر خوێندنەوە واتا بووە بە کلتوور لە لام	22	27.85٪	دووەم
هیچیان	5	6.34٪	چوارەم
کۆ	79[24]	100.00	

خشتەی (13) ئەوە ئاشکرا دەکات کە سامپڵی توێژینەوەکە هۆکاری خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی بەپلە یەکەم و بەرێژەی (53.16٪) بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیارییە،ئەمەش ئەو دەسەلمێنێت کە هێشتا ڕۆژنامەی کاغەزی سەچاوەی زانیارییە لای توێژێکی دیار و گرنگی کۆمەڵگا، هەمان سامپڵ بە ڕێژەی (41.46٪) هۆکاری خوێندنەوە لە ڕۆژنامە حزبیەکاندا بە پلەی یەکەم دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی هەواڵ و چالاکی حزبی بزانن،هەروەك لەڕۆژنامەی ئەهلیدا لە پلەی یەکەمدا بۆ ئەوەیە ڕاوگۆشە نیگای جیاواز بزانن بەرێژەی (23.53٪)، ئەمە لەکاتێکدا لە پلەی دووەمیشدا بە

[24] سامپڵی توێژینەوەکە ئازادبوون لەوەی چەند هۆکار دەنوسن ، پرسیارەکە کراوەبووە.

ڕێژەی (27.85٪) ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕاهاتوون لەسەر خوێندنەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە بوونە کلتوری خوێندنەوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بەردەوامبون و گەشەسەندنی ، لە پلەی سێهەمیشدا و بە ڕێژەی (7.59٪) هۆکارەکەی بۆ زانینی ڕاوبۆچونی جیاواز دەگەڕێننەوە، بەو پێیەی ڕۆژنامەی حزبی کار و چالاکی حزب زۆرتر بڵاودەکاتەوە و ڕۆژنامەی ئەهلیش بۆچونە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە، بۆیە خوێنەر دەتوانێت لە هەردوکیاندا ڕا جیاوازەکان وەربگرێت، لە پلەی پێنجەمیشدا بە ڕێژەی (2.53٪) هۆکارەکەی بۆ ئازادی لەڕۆژنامەی ئەهلی و نەبوونی متمانە لە یەکێك لەو ڕۆژنامانەدا دەگێڕنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕۆرشنبیران ناتوانن پشت بە تەنها سەرچاوەیەك ببەست بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان، تا بتوانن بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن.

14-ئایا توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەکە) بەشداری نووسینیان بۆ ڕۆژنامەکان هەیە ؟

خشتەی(14)

پرسیار	لەلێژاردەکان	دووبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ئایا بەشداری نووسینت بۆ ڕۆژنامەکان هەیە ؟	بەڵێ	51	٪68	یەکەم
	نەخێر	24	٪32	دووەم
	کۆی گشتی	75	100	

وەك لەخشتەی (14) دەردەکەوێت بەشداربوونی توێژی ڕۆشنبیران بۆ نووسین لە ڕۆژنامەکاندا بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی 68٪ بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە لەبەرامبەردا بە ڕێژەی (32٪) بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە، کە ئاماژەیە بۆ بەشداریکردن بەڕێژەیەکی بەرز لە نووسینی بابەت بۆ ڕۆژنامەکان ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە بەشێك لە نوسینی وتارەکانی نێو ڕۆژنامەکان لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانیش توێژی ڕۆشنبیران دەینوسن.

15-وەك ڕۆشنبیرێك بۆ کام ڕۆژنامە بابەت دەنووسیت ؟

خشتەی (15)

پرسیار	لەلێژاردەکان	دووبارە بوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
وەك ڕۆشنبیرێك بۆ کام ڕۆژنامە بابەت دەنووسیت ؟	حزبی	8	٪10.7	چوارەم
	ئەهلی	21	٪28	دووەم
	هەردووکی	31	٪41.3	یەکەم
	هیچ یان	15	٪20	سێیەم
	کۆی گشتی	75	100	

لە خشتەی (15) دا، ئەوە دەردەکەوێت کە (41.3٪)ی ڕۆشنبیران بۆ هەردوو ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی بابەت دەنوسن، لە پلەی دووەمدا و بەڕێژەی (28٪) بۆ ڕۆژنامەی ئەهلی بابەت دەنوسن، (20٪) لە پلەی سێهەمدایە و بۆ هیچ یەکێکیان بابەت نانوسن، هەرچی ڕۆژنامەی حزبیە ڕێژەی (10.7٪) یە بە پلەی چوارەم.

ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە توێژی ڕۆشنبیری سامڵی ئەم ڕۆژنامەیە بابەت بۆ هەریەك لە ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی دەنووسن بە و بەڵگەی کە ڕێژەی 41.3٪بە دەست هێناوە بەبەراورد بە بڕگەکانی دیکە،ئەوەش ئەوە

دەردەخات کە توێژی رۆشنبیر جیاوازی ناکات لە نێوان رۆژنامەی ئەهلی و حزبی لەهەرکوێدا بێت دەتوانێت و ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕاکانی.

16- بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامە جیهانییەکاندا, ڕۆژنامەی کوردی چۆن وەسف دەکەیت؟

خشتەی (16)

چۆن رۆژنامەی کوردی وەسف دەکەیت	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
باش	20	٪26.7	سێیەم
خراپە	24	٪32	دووەم
هاوتەریبە	5	٪6.7	چوارەم
بەراورد ناکرێت	26	٪34.7	یەکەم
کۆی گشتی	75	100	

لە خشتەی (16) دا، ڕێژەی (٪34.7) ی سامپڵی توێژینەوەکە لە پلەی یەکەمدا ڕایان وایە کە رۆژنامەی کوردی ناتوانرێت بەراورد بکێت بە ڕۆنامە جیهانیەکان، لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (٪32) بە خراپ وەسفی دەکەن، هاوکات (٪26.7) و لە پلەی سێهەمدا پێیان وایە ئاستی باشە، لە پلەی چوارەمیشدا بە ڕێژەی (٪6.7) رایان وایە کە هاوتەریبە بە رۆژنامە جیهانییەکان، بەبیروڕای توێژەران ئەوەی لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە بڕگەی (بەراورد ناکرێت) بەڕێژەی ٪34.7 لە پلەی یەکەمدایە ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە توێژی رۆشنبیر توێژێکی دیارو بەئاگان لە رۆژنامە جیهانیەکان و گەشتونەتە ئەو بڕوایەی کە لە خراپیدا رۆژنامەی کوردی ناتوانرێ بەراود بکرێت بە رۆژنامە جیهانیەکان.

17- هۆکاری خراپی ڕۆژنامە کوردییەکان لەلای توێژی رۆشنبیران(سامپڵی توێژینەوەکە):

خشتەی (17)

هۆکاری خراپی رۆژنامەی کوردی	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان	70	٪17.76	یەکەم
سەندیکای ڕۆژنامە نووسان	54	٪13.71	دووەم
ڕۆشنبیران	41	٪10.41	سێیەم
نووسەران	43	٪10.91	سێیەم
خاوەن ڕۆژنامەکان	46	٪11.68	چوارەم
خوێنەران	34	٪8.62	پێنجەم
ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك	40	٪10.15	سێیەم
ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان	33	٪8.38	پێنجەم
کەس و لایەنی دیکە	33	٪8.38	پێنجەم

کۆ	394	100

لە خشتەی (17) دا ، سامپڵی توێژینەوەکە بەرێژەی (17.76٪) و لە پلەی یەکەمدا دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان بە هۆکاری خراپی ڕۆژنامە کوردییەکان دادەنێت، لە پلەی دووەمیشدا سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بە ڕێژەی (13.71٪)، خاوەن ڕۆژنامەکانیش لە پلەی سێهەمدا هاتوون بە ڕێژەی (11.68٪)، نوسەران، ڕۆژشنبیران و ئاستی هۆشیاری خەڵکیش بە پلەی چوارەم، پێنجەم و شەشەم هاتوون بە ڕێژەکانی (10.91٪ – 10.41٪ و 10.15٪)، هەرچی خوێنەرانیشە لەپلەی حەوتەمدایە بە ڕێژەی (8.62٪)، لە پلەی هەشتەمیشدا و بە ڕێژەی (8.38٪) تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و کەس و لایەنی دیکە بە هۆکار دانراون.

ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان بەپلەی یەکەم بەرپرسە لە هۆکاری خراپی ڕۆژنامەی کوردی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان چ بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەست وەردەدەنە ناو کاروباری ڕۆژنامەی کوردی ، هاوکات سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بەرپرسی دووەمە لە دۆخی خراپی ڕۆژنامەی کوردی وەك لە ڕاگەیاندنی کوردیدا باسی لێوە دەکرێت سەندیکای ڕۆژنامەنوسان تا ئێستا نەیتوانیوە ڕۆژنامەنوسی وەك "پیشە" بناسێنێت، هەروەها خاوەن ڕۆژنامەکایش کە لە پلەی سێهەمدا بە هۆکار دانراون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان وەك بەرپرسی یەکەم لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەکاندا نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و ببنە جێی متمانەی خوێنەران.

18- ئایا ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەکە)خوێنەری ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییەکانن؟

خشتەی (18)

پرسیارەکان	هەڵبژاردەکان	ژمارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان دەخوێنیتەوە ؟	بەڵێ	65	٪86.7	یەکەم
	نەخێر	10	٪13.3	دووەم
	کۆی گشتی	75	100	

بەپێی خشتەی (18)، ڕێژەی (86.7٪) ی سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم خوێنەری ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکانن، لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (13.3٪) ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان ناخوێننەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە توێژی ڕۆشنبیری هاوکات کە سامپڵی ئەم توێژینەوەیە، لەپاڵ ڕۆژنامەی کاغەزیدا خوێنەری ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنین، بەو بەڵگەییەی کە بڕگەی (بەڵێ) بە ڕێژەی 86.7٪ لە پلەی یەکەمدایە ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە توێژی ڕۆشنبیرش توێژێکە هاوشێوەی توێژەکانی دیکە لەگەڵ گۆڕان و بەرەو پێشچوونەکانی بواری تەکنەلۆژیادایە.

19- ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامەی حزبیت چەند کاتژمێرت تەرخان کردووە بۆ خوێندنەوە؟

[25] لەم پرسیارەدا سامپڵی توێژینەوەکە توانای ئەوەیان هەبووە زیاد لە بڕگەیەك هەڵبژێرن ، لە سەرجەمی (9) بڕگە .

خشتەی (19)

پرسیارەكان	هەڵبژاردەكان	ژمارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامە حزبین چەند كاتژمێر تەرخانكردووە بۆ خوێندنەوەی ؟	نیو كاتژمێر	21	٪28	یەكەم
	یەك كاتژمێر	18	٪24	سێیەم
	هەرچەند بتوانم	11	٪14.67	چوارەم
	نایخوێنمەوە	19	٪25.33	دووەم
	چارەكێك	3	٪4	پێنجەم
	دوو كاتژمێر	3	٪4	پێنجەم
	كۆی گشتی	75	100	

لەم خشتەیەدا ئەوە خراوەتەڕوو كە سامپڵی توێژینەوەكە چەند كاتژمێریان تەرخانكردووە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەی حزبی، كە بەپلەی یەكەم و بەڕێژەی (٪28) نیوكاتژمێر تەرخاندەكەن، لەپلەی دووەمیشدا هیچ كاتێكیان بۆ تەرخان نەكردووە كە بەڕێژەی (٪25.33) ئاماژەیان بەوەكردووە كە نایخوێننەوە، لەپلەی سێهەمدا و بەڕێژەی (٪24) تەنها كاتژمێرێك تەرخاندەكەن، بەڕێژەی (٪14.67) لەپلەی چوارەمدا هەرچەند بتوانن دەیخوێننەوە واتە كاتی دیاریكراویان بۆ دانەناوەڤن لەپلەی پێنجەمدا بەڕێژەی (٪4) چارەكێك یاخود دوو كاتژمێر تەرخان دەكەن كە یەكسانن، ئەم ڕێژانە ئەوە دەردەخەن كە خوێنەرانی ڕۆژنامەی حزبی كاتێكی كەم تەرخان دەكەن بۆی، كە هۆكارەكەشی وەك لە خشتەكانی پێشوودا خرانە ڕوو دەشێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ڕۆژنامەی حزبی لەئاست خواستی ئەواندا نیە و بەباشی نازانن هەربۆیەش كاتی زۆری خۆیانی بۆتەرخان ناكەن. تەماشای خشتەی (19)بكە.

20- ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامەی ئەهلیت چەند كاتژمێرت تەرخان كردووە بۆ خوێندنەوە؟

خشتەی (20)

پرسیارەكان	هەڵبژاردەكان	ژمارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامە ی ئەهلیت چەند كاتژمێر تەرخانكردووە بۆ خوێندنەوەی ؟	نیو كاتژمێر	18	٪24	دووەم
	دوو كاتژمێر	12	٪16	سێیەم
	هەرچەند بتوانم	10	٪13.33	چوارەم
	یەك كاتژمێر	19	٪25.33	یەكەم
	یەك كاتژمێر و نیو	2	٪2.67	حەوتەم
	نایخوێنمەوە	9	٪12	پێنجەم
	چارەكێك	5	٪6.67	شەشەم
	كۆی گشتی	75	100	

لەخشتەی (20) دا ئەوە خراوەتەڕوو کە سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (25.33٪) کاتژمێرێك تەرخان دەکەن بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئەهلی، هەروەها بە پلەی دووەم (24٪) نیو کاتژمێر تەرخاندەکەن، بەرێژەی (16٪) لەپلەی سێهەمدا دوو کاتژمێرتەرخاندەکەن، لەپەلی چوارەمیشدا هەرچەند کاتیان هەبێت و بتوانن بە رێژەی (13.33٪) دەیخوێننەوە، بەڵام لە پلەی پێنجەمدا بە رێژەی (12٪) هیچ کتێکی بۆ تەرخان ناکەنن و نایخوێننەوە، لە پلەی شەشەمیشدا چارەکێکی بۆ تەرخاندەکەن بەڕێژەی (6.67٪)، هەروەها لە پلەی حەوتەمدا بەڕێژەی (2.67٪) کاتژمێر و نیوێك بۆ خوێندنەوەی تەرخاندەکەن. ئەم ڕێژانەش ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆرینەیان کاتژمێرێك بۆ خوێندنەوەی تەرخاندەکەن هۆکارەکەی دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بە باشی دەزانن و بابەتەکانیان لا پەسەندە.

21-ئەگەر خوێنەری هەردوو ڕۆژنامەکەیت چەند کاتژمێرت تەرخان کردووە بۆ خوێندنەوەیان؟

خشتەی (21)

پرسیارەکان	هەڵبژاردەکان	ژمارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ئەگەر خوێنەری ڕۆژنامە ی ئەهلی و حزبی چەند کاتژمێر تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوەی ؟	چەند بتوانم	11	٪14.67	سێیەم
	یەك کاتژمێر	18	٪24	یەکەم
	سێ کاتژمێر	2	٪2.67	شەشەم
	یەك کاتژمێر و نیو	7	٪9.33	چوارەم
	دوو کاتژمێر	5	٪6.67	پێنجەم
	نایخوێنمەوە	13	٪17.33	دووەم
	نیو کاتژمێر	5	٪6.67	پێنجەم
	دوو کاتژمێر	13	٪17.33	دووەم
	چوار کاتژمێر	1	٪1.33	حەوتەم
	کۆی گشتی	75	100	

لەخشتەی (21) دا کاتژمێری تەرخانکراو بۆ خوێندنەوەی هەردوو ڕۆژنامەکە خراوەتەڕوو لای سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەپلەی یەك و بەرێژەی (24٪) یەك کاتژمێری بۆ تەرخاندەکەن، بەڵام لە پلەی دووەمدا بەرێژەی (17.33٪) ئەوە هاتووە کە خوێنەری هەردوو ڕۆژنامەکە نین بۆیە نایخوێننەوە و کاتی بۆ تەرخان ناکەن، بەرێژەی (14.67٪) لە پلەی سێهەمدا چەند بتوانن دەیخوێننەوە واتە کاتی دیاریکراویان نیە، لەپلەی چوارەمیشدا ئەوانەهاتوون کە کاتژمێر و نیوێکی بۆ تەرخاندەکەن بەرێژەی (9.33٪)، بەرێژەی (6.67٪) لەپلەی پێنجەمدا هاتووە کە نیو کاتژمێر تەرخاندەکەن، تەرخانکردنی سێ کاتژمێریش لە پلەی شەشەمدا هاتووە بەرێژەی (2.67٪)، تەرخانکردنی چوار کاتژمێریش کەمترین سامپڵی توێژینەوەکە دیاریان کردووە بەرێژەی (1.33٪) لە پلەی حەوتەمدا.ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە تارادەیەك کاتێکی پێویستیان تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوەی هەردوو ڕۆژنامەکە تابتوانن ئاشنای بابەتەکانیان بن و پێداویستیەکانیان پڕبکەنەوە.

22- ئایا ڕۆژنامە ئەلەکترۆنیەکان توانیویانە جێگای ڕۆژنامە کاغەزییەکان بگرنەوە:

خشتەی (22)

پرسیار	هەڵبژاردەکان	دوبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
14- ئایا ئەلیکترۆنیەکان توانیویانە جێگەی ڕۆژنامەی کاغەز بکەنەوە ؟	بەڵێ	34	٪45.3	دووەم
	نەخێر	41	٪54.7	یەکەم
	کۆی گشتی	75	100	

هەروەها (٪54.7) ی سامپڵی توێژینەوەکە لە پلەی یەکەمدا بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە کە پێیان وایە ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان جێگای ڕۆژنامەی کاغەز ناگرنەوە، لە پلەی دووەمیشدا بەرێژەی (٪45.7) بە بەڵێ وەڵامیان

داوەتەوە، هاوکات لەوەڵامی ڕۆشنبیراندا (سامپڵی توێژینەوەکە) سەبارەت بەوەی کە ئایا ڕۆژنامە ئەلەکترۆنیەکان توانیویانە جێگای ڕۆژنامە کاغەزییەکان بگرنەوە، ڕێژەی ٪54.7 وەڵامی (نەخێر)یان هەڵبژاردووە، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنییەکان نەیانتوانیوە جێگای ڕۆژنامە چاپکراوەکان بگرنەوە. تەماشای خشتەی (22)بکە.

23- کامیان کاریگەرترن بابەتی ڕۆژنامە ئەلەکترۆنییەکان یان ڕۆژنامە چاپکراوەکان:

خشتەی (23)

پرسیار	هەڵبژاردەکان	دوبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی کاغەزدا بڵاو دەکرێنەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کامیان کاریگەرترین و دەتوانن بیرو ڕای کۆمەڵگە بەرەو باشتر ببەن ؟	ڕۆژنامەی چاپکراو	47	٪62.7	یەکەم
	ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی	25	٪33.3	دووەم
	هیچ یان	3	٪4	
	کۆی گشتی	75	100	

سەبارەت بە کاریگەری بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی ئەنجامەکانی ڕای توێژی سامپڵی توێژینەوەکە ئەوە پیشان دەدەن کە بڕگەی کاریگەری (ڕۆژنامەی کاغەزی) بەرێژەی (٪62.7) لە پەی یەکەمدایە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بە بڕوای توێژی ڕۆشنبیر ڕۆژنامەی کاغەزی کاریگەرترە و دەتوانێت بیروڕای کۆمەڵگە بەرەو باشتر ببەن، لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (٪33.3) بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کاریگەرییان هەیە، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ دەرئەنجامی پێشوو کە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وابوو ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی جێگەی کاغەزی ناگرێتەوە هەربۆیە پێیشیان وایە کە بابەتەکانی ئەلکترۆنی کاریگەرییان کەمترە، لە پلەی سێهەمیشدا بە ڕێژەی (٪4) پێیان وایە بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەی چاپکراو و ئەلکترۆنی کاریگەرییان نیە، ئەمەش پێویستە بەهەند وەربگیرێت کە بۆچی کاریگەرییان نیە و چی بکرێت تا کاریگەرییان هەبێت. تەماشای خشتەی (23)بکە.

24- ئایا هەریەك لە ڕۆژنامەی كاغەزی و ئەلیكترۆنی لەكێبڕكێدان:

خشتەی(24)

پرسیار	هەڵبژاردەكان	دوبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
پێت وایە ئەم دوو جۆرە ڕۆژنامەیە لە كێبڕكێدان ؟	بەڵێ	57	٪76	یەكەم
	نەخێر	18	٪24	دووەم
	كۆی گشتی	75	100	

هەروەها لەبارەی كێبڕكێی نێوان هەریەك لە ڕۆژنامەی چاپكراو و ئەلەكترۆنی ئەوە ئەنجامەكانی فۆرمەكە ئەوە نیشان دەدات بەرێژەی (76٪) بەپلەی یەكەم پێیان وایە (بەڵێ) لە كێبڕكێدان، ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە كە لەئیستادا ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی هەن و بەردەوام لە كێبڕكێدان لەگەڵ ڕۆژنامەی كاغەزی، هەرچی بڕگەی(نەخێر)ە لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی (24٪)، دەتوانرێت بوترێت ئەم ڕێژەیە ئەوانەن كە لایەنگری كاغەزین و نایانەوێت بگەنە ئەو قەناعەتەی كە دەوترێت ڕۆژنامەی كاغەزی پاشەكشەی كردووە. تەماشای خشتەی (24)بكە.

25- بیرو ڕای ڕۆشنبیران سەبارەت بەوەی كە ئایا كۆتاییدا كامیان سەركەوتوو دەبن ڕۆژنامەی ئەلەكترۆنی یاخود ڕۆژنامەی كاغەزی؟

خشتەی (25)

پرسیار	هەڵبژاردەكان	دوبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
بە بیرو ڕای ئێوە لەم كێبڕكێیەدا كامیان سەركەوتوو دەبن ؟	ڕۆژنامەی كاغەزی	20	٪26.7	دووەم
	ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی	50	٪66.6	یەكەم
	هیچ یان	5	٪6.7	سێیەم
	كۆی گشتی	75	100	

سەبارەت بە سەركەوتنی هەریەك لە ڕۆژنامەی ئەهلی یاخود كاغەزی بە بیروڕای توێژی ڕۆشنبیری سامپڵی ئەم توێژینەوەیەی بە پلەی یەكەم و بە ڕێژەی (66.6٪) ڕایان وایە ڕۆژنامەی ئەلەكرۆنی سەركەتوو دەبێت، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەووتە بۆئەوەی كە لە ئێستا ڕۆژنامەی ئەلەكترۆنی لەڕووی ئاسانی بەدەست گەیشتن و ناوەڕۆكەیەوە تاڕادەیەك سەركەوتوو بووە توانیویەتی ببێتە جێگرەوەی كاغەزی، بە پلەی دووەمیش ڕۆژنامەی كاغەزیان دیاریكردووە بە ڕێژەی (26.7٪)، لە پلەی سێهەم و بە ڕێژەی (6.7٪)یش ڕایان وایە كە هیچیان سەركەوتونابێت، دەتوانرێت بوترێت كە ئەم ڕێژەیە بە شێكن لەو ڕایانەی لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێدا پێیان وایە كە داهاتوو بۆ "میدیای نوێ" یە و لە كێبڕكێكانیاندا سەركەوتونابن. تەماشای خشتەی (25)بكە.

26- چ كارێك بكرێت بۆ گەڕاندنەوەی بەها بۆ ڕۆژنامەی چاپكراو بە بیرو ڕای توێژی ڕۆشنبیران (سامپڵی توێژینەوەكە).

خشتەی (26)

پرسیار	هەڵبژاردەكان	دوبارەبوونەوە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
چی بكرێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی چاپكراو بەهای خۆی بگەڕێتەوە؟	كاركردن بە شێوەی پیشەی و بەر پرسانە	13	٪19.6	سێیەم
	دامەزراندنی كەسانی شارەزاو ڕاوێژ وەر گرتن	12	٪18.2	چوارەم
	بایەخ بە جۆرایەتی نوسینەكان بدرێت	17	٪25.76	یەكەم
	میكانزمی دابەش كردن بەهێز بكرێت	16	٪24.24	دووەم
	خوێندنەوە بكرێت بە كلتوور	4	٪6.1	پێنجەم
	ئاشكراكردنی نهێنیەكان و نەهێشتنەوەی لەبەر هیچ هۆیەك	4	٪6.1	پێنجەم
	كۆی گشتی	66	100	

هەروەها سەبارەت بەوەی دەكرێت كارێك بكرێت بۆ گەڕاندنەوەی بەها بۆ ڕۆژنامەی كاغەزی، (٪53.3) ی ڕۆشنبیران لە پلەی یەكەمدا پێیان وایە (بەڵێ) دەكرێت كار لەسەر گەڕاندنەوەی بەها بۆ ڕۆژنامەی كاغەزی بكرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات لەگەڵ هەموو ئەو كێبڕكێیانەدا هیوا هەیە تا بەها بۆ ڕۆژنامەی كاغەزی بگەڕێتەوە و جارێكی تر وەك پیشەی هەمیشەیی بكەوێتەوە نێو ململانێكان و كێبڕكێكان لە بەرەوەندی خۆی بباتەوە، بەڵام (٪44) لەپلەی دووەمدا بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە، پێدەچێت ئەم ڕێژەیە ئەوانەبن كە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیدان، بۆیە هیوایان بەو كارە نیە، هەروەها لە پلەی سێهەمیشدا و بەڕێژەی (٪2.7) بە (نازانم) وەڵامیان داوەتەوە، ئەمە ئەو كەسانەن كە هێشتا ناتوانن پێشبینی گۆڕانكارییەكان بكە. تەماشای خشتەی (26)بكە.

27- بەڕای ئێوە دەكرێت شتێك بكرێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی سەر كاغەز بەهای خۆی بۆ بگەڕێتەوە؟

خشتەی (27)

پرسیارەكان	هەڵبژاردەكان	دوبارەبوونەوەكان	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
بەڕای ئێوە دەكرێت شتێك بكرێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی سەر كاغەز بەهای خۆی بۆ بگەڕێتەوە ؟	بەڵێ	40	٪53.3	یەكەم
	نەخێر	33	٪44	دووەم
	نازانم	2	٪2.7	سێیەم
	كۆی گشتی	75	100	

لەخشتەی (27)دا سامپڵی توێژینەوەكە بەپلەی یەك و بەڕێژەی (٪53.3) رایان وایە كە بەڵێ دەكرێت ڕۆژنامەی كاغەز بەهای بۆ بگەڕێتەوە، لەبەرامبەردا بەپلەی دووەم (٪44) پێیان وای نەخێر ناتوانرێت بەها بۆ ڕۆنامەی كاغەزی بگەڕێتەوە، بەریژەی (٪2.7) لە پلەی سێهەمدا بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە نازانن ئایا دەكرێت بەهای بۆ بگەڕێتەوە یاخود نا؟ ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت كە هیوا ماوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەها بۆ ڕۆژنامەی كاغەزی بگەڕێنرێتەوە، ئەمەش هەوڵی دەوێت و چینی ڕۆشنبیرانیش بەو هیوایەوەن.

28-هۆکاری ئەوەی رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان بە هاتنی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەهای خۆیان لە دەست نەداوە:

خشتەی (28)

برگە	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
خاوەن ئابووری سەربەخۆ و سیستەمێکی بەهێزیان هەیە	2	2.25٪	حەوتەم
کارکردن بە شێوەی بەرپرسانە	9	10.11٪	چوارەم
ناوەڕۆکیان بەهێزە	8	8.99٪	پێنجم
خوێندنەوە کراوە بە کلتووری واتە خوێنەریان زۆرە	11	12.36٪	دووەم
میکانیزمی دابەش کردنیان بەهێزە	10	11.24٪	سێیەم
ستافی پرۆفیشنالیان هەیە	18	20.22٪	یەکەم
جیلەکانی پێش وبە خوێندنەوەی ئە رۆژنامانە را هاتبووون بۆیە بەهایان لەدەست نەیاوە	7	7.87٪	شەشەم
ریکلامیان بەهێزەو بەشێوەیەکی بەرپرسانە مامەلە دەکەن	3	3.37٪	دەیەم
ئاستی هۆشیاریان بەرزە و کاریگەریان هەیە لەسەر کۆمەڵگە	9	10.11٪	چوارەم
پارێزەری ئێتیکن و بەدڵسۆزیەوە کاردەکەن	2	2.25٪	یانزەیەم
پاراستنی هاوسەنگی و بێ لایەنی و راستگۆی	6	6.74٪	هەشتەم
لە رووی تەکنەلۆجیاوە پێشکەو توون	4	4.49٪	نۆیەم
کۆی گشتی	89[26]	100	

وەك ئەوەی لە لەخشتەی(28) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە چەند هۆکارێکیان خستۆتە ڕوو کە بەهۆیەوە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان بەهایان لە دەست نەداوە کە لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (20.22٪) پێیان وایە ئەوان خاوەنی ستافی پرۆفیشنالن، ئەم ئەنجامە جێی هەڵوەستەیە، لەکاتێکدا نزیکەی (18) ساڵە بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەناوەندە ئەکادیمییەکاندا رۆژنامەنوس ئامادە دەکرێت نەتوانراوە ستافی پرۆ فیشناڵ بەرهەم بهێنرێت، لە پلەی دووەمیشدا بە ڕێژەی (12.36٪) ئاماژەیان بەوەکردووە کە خوێندنەوە کراوە بە کلتور، ئەم بابەتە لای کۆمەڵگەی کوردی پێویستی زۆری بە پێداچونەوەیە بەتایبەت لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، (11.24٪) کە لەپلەی سێهەمدایە بەهێزی لە میکانیزمی دابەشکردن بە هۆکار دەزانن کە ئەمە کێشەی زۆرینەی چاپکراوەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، کە زۆرجار بەهۆی خراپی دابەشکردنەوە وەك بڵاوکراوەیەکی لۆکاڵیینان لێدێت و لە چوارچێوەی تەنها شار و پارێزگایەکدا دەمێننەوە، هەروەها لە پلەی چوارەمدا و بە ڕێژەی (10.11٪) کارکردن بە شێوەی بەرپرسانە و بەرزی ئاستی هۆشیاری تاك و کاریگەریان هەیە لەسەر کۆمەڵگا، لە پلەی پێنجەمیشدا و بە ڕێژەی (8.99٪) رایان وایە کە

[26] سامپڵی توێژینەوەکە ئازادبوون لەوەی چەند هۆکار دەنوسن ، پرسیارەکە کراوەبووە.

ئەوان ناوەرۆژکیان بەهێزە، بەو مانایەی کار لە سەر ئەو بابەتانە دەکەن کە جێی بایەخی وەرگرانیان و سیاسەتی ناو دەزگاکان بڕیار لەسەر بابەتەکان دەدات، نەك ئەوەك سامپڵی ئەم توێژینەوەیە باسیان لێوەکردبوو دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان دەست وەربدەنە نێو کاری رۆژنامەوانیەوە.

29- هاندان بۆ خوێندنەوە و بۆ بەرەو پێشخستنی ڕۆژنامەی چاپکراو:

خشەی (29)

هۆکاری پێشخستنی رۆژنامەی چاپکراو	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
هەوڵدانی زیاتر بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا	2	٪3.45	شەشەم
درووستکردنی رایگشتی و زیاتر لەسەر رووداوەکان	2	٪3.45	شەشەم
بەهێز کردنی ناوەرۆك	17	٪29.31	یەکەم
پێشخستنی لایەنی تەکنیکی و دیزاین و ریکلام	6	٪10.34	سێیەم
کارکردن بە شێوەی بەرپرسانە و بەردەوام	13	٪22.41	دووەم
برەو دان بە هەواڵی زیندو و راستگۆی	7	٪12.07	پێنجەم
بەردەوام بوون لەسەر کەشف کردنی نهێنی زیاتر	2	٪3.45	شەشەم
هەوڵدان بۆ هۆشبارکردنەوەی خەڵك و گرنگی خوێندنەوە و بە کلتوری زیاتر گرنگی دان بە خاڵ بەندی و ڕێزمان	9	٪15.52	چوارەم
کۆی گشتی	58[27]	100.00	

وەك لە خشتەی (29)دا، دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٪29.31) سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە کە دەتوانرێت بە بەهێزکردنی ناوەرۆکی رۆژنامەی کاغەزی بەرەو پێش ببرێت، کە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ناوەرۆکی رۆژنامە کوردییەکان لاوازن و لە ئاست خواست و داخوازی خوێنەراندا نین، لە پلەی دووەمیشدا و بەرێژەی (٪22.41) کارکردن بەشێوەی بەرپرسانە دەخەنەروو، کەئاماژەیە بۆ ئەوەی رۆژنامە کوردییەکان بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ رووداو و بابەتەکان ناکەن و پێویستە پێداچونەوە بە ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیاندا بکرێتەوە، هەروەك بەرێژەی (٪15.52) و لە پلەی سێهەمدا لەو بڕوایەدان کە بە هەوڵدان بۆ هۆشبارکردنەوەی خەڵك و گرنگی خوێندنەوە و بە کلتوری کردنی زیاتر گرنگی دان بە خاڵ بەندی و ڕێزمان دەتوانرێت رۆژنامەی کاغەزی بەو پێش ببرێت، لە پلەی چوارەمدا و بەرێژەی (٪12.07) بە برەودان بە هەواڵی زیندوو و ڕاستگۆیی دەتوانرێت هۆکارێك بێت بۆ پێشخستنی رۆژنامەکان، کە ئەمەش هێمایە بۆئەوەی کە رۆژنامەی کاغەزی کەمتەرخەم بووە لە گەیاندنی هەواڵی زیندوو ڕاست بە خوێنەرانی کە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ دورکەوتنەوەی خوێنەران لە رۆژنامەکان و گرنگیدانیان بە کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن، بەرێژەی (٪10.34)ش لە پلەی پێنجەمدا رایان وایە کە دەتوانرێت بە پێشخستنی لایەنی تەکنیکی و دیزاین و ریکلام جارێکی تر

[27] سامپڵی توێژینەوەکە ئازادبوون لەوەی چەند ڕا دەنوسن ، پرسیارەکە کراوەبووە.

بەها بۆ ڕۆژنامەی کاغەزی بگەڕێندرێتەوە. بە ڕێژەی (3.45٪) و لە پلەی شەشەمدا بە هەریەکەلە (بەردە،وام بوون لەسەر کەشف کردنی نهێنی زیاتر، هەوڵدانی زیاتر بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و درووستکردنی رایگشتی و زیاتر لەسەر رووداوەکان) دەتوانرێت وەك هاندانێك بۆ بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەی کاغەزی سودیان لێوەربگیرێت.

30-هاندان بۆ بە رە و پێشخستنی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی:

خشەی (30)

هاندان بۆ پێشخستنی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
دامەزراندنی کەسی شارەزا	1	٪2.94	شەشەم
ناوەرۆك و ناونیشان یەك بن	5	٪14.71	چوارەم
ناوەرۆك بەهێز بکرێت	8	٪23.53	دووەم
زیادکردنی هەوالی بەپەلە	6	٪17.65	سێیەم
رەچاووی راستی و درووستی بابەتەکان بکرێت خێراتر نوێ بکرێتەوە	11	٪32.35	یەکەم
گرنگی زیاتر بدرێت بە هەواڵی سیاسی و هاوسەنگی رابگیرێت	2	٪5.88	پێنجەم
هۆشیار کردنەوەی خەڵك	1	٪2.94	شەشەم
کۆی گشتی	34[28]	100.00	

لە خشتەی (30) دا لە پلەی یەکەمدا سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (32.35٪) ئاماژەیان بەوەکردووە دەتوانرێت بە رەچاوکردنی راستی بابەتەکان و خێراتر نوێ بونەوەیان زیاتر بەرەوپێشببرێت، ئەوەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە زۆرجار ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیەکان ڕەچاوی ڕاستی و دروستی ئەو بابەتانە ناکەن کە بلاوی دەکەنەوە، لە پلەی دووەمیشدا بەرێژەی (23.53٪) بەهێزکردنی ناوەرۆك بەرەوپێشبردنی دادەنێت، ئەمەش ئاماژەیەکی ترە بۆئەوەی کە ناوەرۆك لە ڕۆژنامە ئەلکترۆنیە کوردییەکاندا بەهەمان شێوەی کاغەزییەکە لاوازە و لەئاست خواستی خوێنەراندا نیە و بابەتی دوبارەن، لەپلەی سێهەمیشدا و بەرێژەی (17.65٪) زیادکردنی هەواڵی بەپەلە بە هۆکار دادەنێن، لەپلەی چوارەمیشدا بەرێژەی (14.71٪) پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ناونیشان و ناوەرۆك یەکبخرێن، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ناونیشان و ناوەرۆك یەکگیرنین و ناونیشانەکان تەنها بۆ زیادکردنی کلیکن و بێزاری لای خوێنەران دروست دەکات، بەمەش متمانە کەمدەبێتەوە، لە پلەی پێنجەمیشدا و بەرێژەی (5.88٪) پێشنیاری ئەوە دەکەن گرنگی زیاتر بدرێت بە هەواڵی سیاسی و هاوسەنگی رابگیرێت، بە ڕێژەی (2.94٪) و لە پلەی شەشەمدا پێشنیاری هەریەکە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك و دامەزراندنی کەسی شارەزا دەکەن، کە ئەمە مانایە بۆئەوەی ڕۆژنامەنوسی شارەزا و لێهاتوو پرۆفیشناڵ کەمن ، ئەگەر هەبن بە ئاسانی دەتوانن کار لەسەر هۆشیاری خەڵك بکەن.

[28] سامپڵی توێژینەوەکە ئازادبوون لەوەی چەند ڕا دەنوسن ، پرسیارەکە کراوەبووە.

31- ئایندەی رۆژنامەی چاپکراو:

خشەی (31)

داهاتووی رۆژنامەی چاپکراو	چەندبارە	ڕێژەی سەدی	پلەبەندی
کارکردن بە شێوەی پیشەی و بەر پرسیارانە	13	٪19.6	سێییەم
دامەزراندنی کەسانی شارەزاو ڕاوێژ وەر گرتن	12	٪18.2	چوارەم
بایەخ بە جۆرایەتی نوسینەکان بدرێت	17	٪25.76	یەکەم
میکانزمی دابەش کردن بەهێز بکرێت	16	٪24.24	دووەم
خوێندنەوە بکرێت بە کلتوور	4	٪6.1	پێنجەم
ئاشکراکردنی نهێنیەکان و نەهێشتنەوەی لەبەر هیچ هۆیەك	4	٪6.1	پێنجەم
کۆ	66[29]	100	

لەخشتەی ژمارە(31) دا، دەردەکەوێت توێژی ڕۆشنبیری سامپڵی توێژینەوەکە لەپلەی یەکەمدا و بەرێژەی (٪25.76) بڕوایان وایە کە ئەگەر ڕۆژنامەی کاغەز بایەخ بە جۆرایەتی و نوسینەکانی بدات دەتوانێت داهاتوو بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەمەش مانایە بۆ ئەوەی کە رۆژنامەی کاغەزی لە ئێستادا جۆرایەتی لەبەرچاوناگرێت، لە پلەی دووەمیشدا بە رێژەی (٪24.24) رایان وایە کە دەکرێت لە رێی بەهێزکردنی میکانیزمی دابەشکردنەوە جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو خوێنەران، هەورەها بەرێژەی (٪19.6) و لەپلەی سێهەمدا کارکردن بەشێوەی پیشەیی و بەرپرسانش بە رێگەچارە دادەنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رۆژنامەی کاغەزی تارادەیەك دوورکەوتۆتەوە لە کارکردنی پیشەییانە، لە پلەی چوارەمیشدا دامەزراندنی کەسانی شارەزا و ڕاوێژ وەرگرتن بە میکانیزمی باشکردنی دادەنێن بە رێژەی (٪18.2)، لە پلەی پێنجەمیشدا بەرێژەی (٪6.1) ئاشکراکردنی نهێنیەکان و نەهێشتنەوەی لەبەر هیچ هۆیەك و بە کلتور کردنی خوێندنەوە بەرێگە چارەیەکی تر دادەنێت تا داهاتوو بۆ رۆژنامەی چاپکراو باشتر بکرێت.

ئەنجام و پێشنیاز وڕاسپاردەکان

یەکەم: ئەنجامی توێژینەوەکە:

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا توێژەران بە چەند خاڵێك لە ئاماناجی توێژینەوەکە گەیشتن:

1- سەبارەت بە بایەخپێدانی ڕۆشنبیران بە نووسین و خوێندنەوەی ڕۆژنامەی حزبی و ئەهلییەکان، نزیکەی نیوەی رۆشنبیران بۆ رۆژنامە ئەهلی و حزبییەکان دەنووسن، کەمتر لەنیوە بۆ هیچیان نانووسن، لەهەمانکاتدا لەنیوە زیاتری

[29] سامپڵی توێژینەوەکە ئازادبوون لەوەی چەند ڕا دەنوسن ، پرسیارەکە کراوەبووە.

ڕۆشنبیران هەردوو جۆرە ڕۆژنامەكە دەخوێننەوە، ڕێژەیەكی كەم و نزیك لەیەك تەنها ئەهلی یان تەنها حزبی دەخوێنێتەو، یان هیچیان ناخوێنێتەوە.

2- سەبارەت بە زانینی جۆری ئەو بابەتانەی كە جێی بایەخی ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانیین، لەنیوە زیاتری ڕۆشنبیران پێیان وابوو كە ناوەڕۆكی چاپكراو كاریگەرترە، بەرامبەر بە(سێیەكی) ئەوان پێیان وابوو كە ناوەڕۆكی ڕۆژنامەی ئەلەكترونی كاریگەرترە .

3- خستنەڕووی ئەو ململانێ و تەحەددیانەی كە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەی چاپكراو دەبێتەوە، بەپلەی یەكەم پێیان وابوو كە هەتا ئیستاش ڕۆژنامەی چاپكراو و ئەلەكترۆنی لە كێبڕكێدان.

4- سەبارەت بەزانینی ئایندەی ڕۆژنامەی چاپكراو لەدیدی توێژی ڕۆشنبیرەوە، لەنیوە زیاتری ڕۆشنبیران، بە پێیان وایە ڕۆژنامە ئەلەكترۆنییەكان جێگای ڕۆژنامەی كاغەز ناگرنەوە، لەنیوە كەمتریشیان پێیان وابووە كە ڕۆژنامە ئەلەكترۆنیەكان توانیویانە جێگای ڕۆژنامە كاغەزییەكان بگرنەوە،

5- ڕۆشنبیران بیروڕایان وابوو كە دەسەلاتی سیاسی حزبەكان بەپلەی یەكەم بەرپرسن لە هۆكاری خراپی ڕۆژنامەی كوردی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە دەسەلاتی سیاسی حزبەكان چ بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەست وەردەدەنە ناو كاروباری ڕۆژنامەی كوردی، هاوكات سەندیكای ڕۆژنامەنووسانیش بەرپرسی دووەمە لە دۆخی خراپی ڕۆژنامەی كوردی .

6- سەبارەت بە زانینی ئایندەی ڕۆژنامەی چاپكراو لەدیدی توێژی ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانییەوە. تەنها چارەكێكی ئەوان بڕوایان وابوو كە ئەگەر ڕۆژنامەی كاغەز بایەخ بە جۆرایەتی و نوسینەكانی بدات دەتوانێت داهاتوو بۆ خۆی دەستەبەر بكات.

7- ئەو ڕۆشنبیرانەی خوێنەری ڕۆژنامە ئەهلییەكانن زیاتر بابەتی ڕۆشنبیری گشتی دەخوێننەو هاوكات خوێنەری ڕۆژنامە حزبییەكانیش زۆربەیان خوێنەری بابەتی سیاسیین، لەوانەیە هۆكارەكەشی ئەوە بێت ئەم توێژە زیاتر لەسیاسەتەوە نزیك بن، هەروەها بەشێوەیەكی گشتیش بابەتی ئایینی ناخوێننەوە.

دووەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەكان:

چەند پێشنیازیك بۆ دەزگا میدیاییە نووسراوەكان:

1- لەبەر ئەوەی كەسێ لەسەر چواری ڕۆشنبیران پێیان وابوو لە سێ ڕێگاوە دەتوانرێت ڕۆژنامەی كوردی بەرو پێشەوە ببرێت: توێژەران بەپێویستی دەزانن بۆ هەستانەوەی ڕۆژنامە چاپكراوەكان ئەم خالانە بكەنە ڕاسپاردە بۆ دەزگا میدیاییە نووسراوەكان: بەهێز كردنی ناوەڕۆك، زیادكردنی هەواڵی بەپەلە، هەروەها ڕەچاووی ڕاستی و دڕووستی بابەتەكان بكرێت خێراتر بكرێن و نوێ بكرێتەوە.

2- دیزایین و شێوازی نووسین و زمانی نوسین لەڕۆژنامە چاپكراوەكاندا پێویستی بە پێشكەوتن هەیە و جۆری ئاراستەكردن و ململانێی ئینتەرنیت كارێكی كردووە كە پێویستە ئەم كەناڵەش ئاگاداری پێشكەوتنەكان بێت و ئاگاداری ئەو ململانێی و كێبڕكێیە بێت كە لەبەرامبەر ئەلەكترۆنییدا دەستی پێكردووە، چونكە زۆرێك لە ڕۆنامە جیهانییەكان بەهاتنی ڕۆژنامەی ئەلەكترۆنی بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە.

ڕاسپاردەكان:

1- بۆ كۆلیژ و بەشەكانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی كوردستان كە بایەخی زیاتر بە توانای ئەكادیمی خوێندكارەكان بدەن، لەڕووی زانستی و پراكتیككردنی كاری ڕۆژنامەوانییەوە، بۆ بەهێزكردنی پیشەیی كاری ڕۆژنامەوانی چاپكراو كە ئەمەش یەكێك بوو لەو خواستانەی كە سامپڵی توێژینەوەكە خستیانەڕوو بۆ هەستانەوە و بەردەومیی چاپكراوەكان.

2- بۆ توێژەرانی پسپۆڕی ڕاگەیاندن كە زیاتر بایەخ بە كێشەكانی بەردەم چاپكراوە كوردیەكان بدەن چ وەك توێژینەوەی زانستیی.لەبەر ئەوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بابەتێكی گرنگە و یەكێكە لەو كێشانەی كە ڕووبەڕووی ڕۆژنامە چاپكراوەكان بووەتەوە لە جیهاندا، لەم توێژینەوەدا بوار نەبوو كە تەواوی ئەو پرس و كێشانە بخەینەڕوو كە ڕووبەڕووی ڕۆژنامە چاپكراوەكان بووەتەوە، هیوادارین كە بخرێتە ئەجێندای زانكۆكانی هەریمەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە ئاستێكی باڵادا.

سەرچاوەكان

یەكەم: سەرچاوە كوردیەكان:

1- ئاری عەبدوللەتیف ، لەبارەی میدیاوە، هەولێر، لەبڵاوكراوەكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، ساڵی 2012

2- بەدران ئەحمەد حەبیب، زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، لەچاپكراوەكانی تۆڕی زانیاری كوردستان، هەولێر،2005

3- گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ئامادەكردنی: سدیق سالح–ڕەفیق سالح، ساڵی یەكەم، ژمارە (1–6) نیسان – ئەیلولی 1960

4- عەبدول خالق ئیبراهیم،میدیای كوردی لەسەردەمی ئاسمانەكراوەكاندا،هەولێر،خانەی موكریانی بۆ چاپ وبڵاو كردنەوە،ساڵی 2014

5- سابیر بۆكانی،میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، 2016، ل174.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان:

1- ابن منظور، 1988 ، لسان العرب ط1 ، تحقيق علي شيري، دار احياء التراث العربي، بيروت .

2- أحمد حجازي، المثقف العربي والالتزام الإيديولوجي ، مجلة الوحدة، 1988، العدد 40- ص 23.

3- أسعد أبو خليل، "الصحافة المكتوبة: هل آن أوان نعيها؟،" جريدة الأخبار، 2009/11/21.

4- جهينة خالدية، "رجل الأعمال جمال دانيال أول المساهمين: "السفير" تتحول إلى شركة... وتبقى على خطها،" السفير، 2011/9/20.

5- جوان جلال الدين ، الصحافة الالكترونية الكوردية (اشكالها واساليب اخراجها)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى الجامعة السليمانية قسم الاعلام - فاكلتي العلوم الانسانية بجامعة السليمانية- سنة 2012

6- رضا عبدالواجد أمين، الصحافة الالكترونية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2007

7- زهران جمال على، تأثير اوضاع المجتمعية على دور المثقف العربي، مجلة الوحدة، العدد(40)، 1988، ص34

8- محمد الجناتي، باحث في العلوم القانونية والإدارية والسياسية، السلطة الرابعة، نشر في (هبة بريس) يوم 13-04– 2012.

9- محمد رياض ،وتار، شخصية المثقف في الرواية العربية السورية، دراســــــة، من منشورات اتحاد الكتاب العرب 1999

10- مؤشر استدامة الإعلام، 2010-2011: تنمية إعلام مستقل ومستدام في لبنان (بيروت: إيركس IREX، 2012)

11- رضا عبدالواجد أمين، الصحافة الالكترونية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2007.، ص94.

12- احسان محمد الحسن ، عبدالحسين زيني ، الاحصاء الاجتماعي ، جامعة بغداد ، دار الكتب ، 1981 ، ص 241.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1- Thomas Schroeder, "The Origins of the German Press," in The Politics of Information in Early Modern Europe edited by Brendan Dooley and Sabrina Baron. (2001) 123-50, especially page 123

2- Edwin Hirschmann, "An Editor Speaks for the Natives: Robert Knight in 19th Century India," Journalism Quarterly (1986) 63#2 pp 260-267.

چوارەم: سایتە ئەلەکترۆنییەکان:

3- http://fedaa.alwehda.gov.sy/node/111379 سەردان کراوە: لە 2016/3/8 رۆژی

4- http://www.nrttv.com/nrt2/Detail.aspx?Jimare=3193

5- http://www.maghress.com/hibapress/82511. 2016/3/4 سەردانی کراوە لە رۆژی

6- الحوار المتمدن- ، عبد الرحمن تيشوري، الصحافة الحزبية وطبيعتها ودورها وافاقها، المحور: الصحافة والاعلام تاريخ الزيارة/ الجمعة العدد: 1304 - 2005 / 9 / 1 - 09:02

2016/8/12:http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=44419

المستخلص

قام فريق البحث بجذب الانتباه الى مدى اهتمام عينة البحث من (مثقفين/ات في المحافظة السليمانية) بالصحافة المطبوعة، الجدير بالذكر أن اختيار المبحوثين/ات جاء نتيجة علمهن بأن هذه الشريحة لديها اهتمامات ومشاركات في تلك الصحافة، وفي نفس الوقت إن مسئلة تراجع الصحافة المطبوعة موضع النقاش، و لا أحد يحمل أوزار تلك التراجع، لهذا السبب وغيرها قام فريق البحث بجمع المعلومات حول هذا الموضوع من خلال بحث علمي بعنوان (اهمية الصحافة المطبوعة لدى شريحة المثقفين)، وطرح مجموعة أهداف من المتوقع أن يجيب على أسئلة في ذهن قراء الصحافة المطبوعة منها: اولاً: معرفة نسبة الكتاب والقراء للصحافة المطبوعة، ثانياً: معرفة إهتمامات عينة البحث تجاه نوعين من الصحف الاهلية والحزبية، ثالثاً تحديد انواع الموضوعات التي موضع اهتمامات عينة البحث (المثقفين) وأخيراً معرفة التحديات ومستقبل الصحافة المكتوبة في نظر المثقفين في محافظة السليمانية (عينة البحث)، وقد كان لأهمية الاهداف دور في قبول هذا البحث.

يتكون البحث من ثلاثة فصول، تناول الفصل الاول مفردات منهجية البحث: المشكلة، الاهمية، الاهداف، وحدود البحث، أما الفصل الثاني فقد يتكون من ثلاثة مباحث، المبحث الاول يحمل مجموعة عناوين رئيسية منها: تأريخ وأهمية الصحافة في ثقافة المجتمعات، أما المبحث الثاني يحمل عنوان: الصحافة المكتوبة صحافة السلطة الرابعة، و المبحث الثالث تتحدث عن التحديات التى تواجة الصحافة المكتوبة. وفي الفصل الثالث قام فريق البحث بتحليل البيانات الواردة في الاستمارة التى وزعت على عينة البحث، وتوصل فريق البحث الى مجموعة نتائج منها أن الصحافة المكتوبة ولايزال يقاوم الالكترونية ولديها مكانتها من حيث المصداقية وأن مضمون الصحافة المطبوعة في نظر المبحوثين اكثر تأثيراً مقارنة بمضمون الصحف الإلكترونية و أن قراء الصحافة الاهلية من المثقفين (عينة البحث) هم من القراء الموضوعات الثقافية، وفي المقابل قراء

الصحافة الحزبية من قراء الموضوعات السياسية و هناك فروقات بين اهتمامات الشريحة المثقفة للصحف الاهلية والحزبية، اذ أن اكثر من نصف المبحوثين يكتبون للاهلية والحزبية واقل من نصف لا يكتبون لاي من الاهلية والحزبية

Abstract:

The research team draws attention to the interest and knowledge of the research sample of (intellectuals in the province of Sulaymayah) in written media , and it's worth mentioning that the choice of the respondents in the data proved that this segment has the interest and knowledge of media written or read, and they've had also participated in the field of written media in general, and this makes the decline in written media debatable , although it's worth mentioning that no one carries the blame for that decline, for this reason and others the research team working to collect information on this subject through academic research titled (the importance of the written media in the intellectuals) and for that the research team introduced a set of goals to to answer questions in the minds of readers, including : determining the proportion of the readers of written media. Second, determining the importance of the two types of newspaper (intellectual and partisan) in the research sample , Third, determining the types of issues that concerns the research sample (intellectuals), and finally see the future of the written media in the eyes of the intellectuals (sample), and the importance of these goals may have had a big role in the acceptance of the of this research.

This study consists of three chapters, the first chapter dealt with the vocabulary of research methodology: problems, importance, goals and the limits of the research, The second chapter consists of three major sections, the first section carries important headlines, including: the history and importance of media in the culture of the communities, and the second is titled: written media and the fourth power, while the third section talks about the challenges facing the written media.

In the third chapter the research team analyzed the data contained in the questionnaire, which was distributed to the sample of research, the research team achieved a set of the results, in them:

-The written press is still resisting the electronic media and has its place in terms of credibility and that the content of the written media is still more influential in the eyes of (62.7%) of the respondents than the content of online newspapers (33.3%).

-That readers of the written media from the (intellectuals sample) mostly read intellectual topics, and readers of partisan journalism mostly read political topics.

-There are differences between the topics that concern the intellectuals , as more than half of the respondents write in both intellectual and partisan newspapers and less than half do not write in any of two .